بسم الله الرحمن الرحيم

# لەبەرهەمەکانی باوەڕ

نووسینی

خوا لێخۆشبوو مامۆستا نجم الدين طه

چاپی یەکەم

١٤١٨ - ١٩٩٧

بسم ا لله الرحمن الرحيم

* له بەرهەمەکانی باوەڕ

* نووسینی :مامۆستای خوالێخۆشبوو سید نجم الدين طه

* چاپی یەکەم ١٤١٨ ك / ١٩٩٧ ز

* تیراژ ( ٢٠٠٠ ) دانە

* مافی چاپ پارێزراوە بۆ ( ناوەندی رۆشنبیر )

* ژمارەی سپاردن ٢١١ ساڵی ١٩٩٧

* چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر

# چەند وشەیەکی پێویست

لە ساڵی ١٩٦٣ و لەو کاتەدا کەمن فامم کردەوە، خۆمم لە کۆڕی حوجرەو، فەقێ و، مەدرەسەی شەرعیدا دییەوە، هەر لەو ساڵەدا کە دەستم کرد بە (ئەلف و بێ) لە خزمەتی باوکی بەڕێزمدا، حوجرەکەی زیاتر لە ١٥ فەقێی تیا بوو، کە هەریەکەیان لە پلەیەکی تایبەتیدا بوو.

بەڵێ، باوکی خوالێخۆشبووم ماندوونەناسانەو بۆ ماوەی ٤٨ ساڵ لە تەمەنی پیرۆزو پڕ بەرەکەتی لە خزمەتی پەیامی پڕ شکۆی ئیسلامدا بوو.

کۆڕو کۆبوونەوەکانی جمەی دەهات لە قوتابیانی قوتابخانەی قورئان هیچ کاتێکیشی بەفیڕۆ نەدەداو هەر هەمووی لە خزمەتی موسڵمانان‌اندا بوو، بە ڕێگای وانەوتنەوەو، پێگەیاندنی مامۆستایانی دوارۆژو، ئامۆژگاری کردنی موسڵمانان و، هاوبەشی کردنیان لە خۆشی و، ناخۆشیداو چارەسەری کێشەکانیان.

ئەم سەرقاڵی‌یەی وای لێ کردبوو کەمتر بیر لە بواری نووسین و دانان بکاتەوە، هەتا لە سەرەتای هەشتاکاندا، هەستی کرد کە ئەم بوارەش کەناڵێکی گرنگە و پێویستە بە گوێرەی توانا کاری تیا بکرێت، بۆیە هەر لەو ساڵانەوە هەتا ڕۆژی وەفاتی بەیاناو بەین نووسینی بووە، هەندێکیان بە شێوەی کتێب و هەندێکی تریش لە شێوەی فەتواو ڕای شەرعی لە مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا، هەندێکی تریش بە شێوەی وتار (مقالة).

ئەمەو سەرەڕای سەدان خوتبەی ڕۆژانی هەینی کە هەر هەمووی نووسراونەتەوە.

ئەم کتێبەی بەردەست (لە بەرهەمەکانی باوەڕ) یەکێکە لەو بەرهەمە بەپێزانەی کە خوالێخۆشبوو لە ژیاندا زۆر دڵی پێی خۆش بوو و حەزی دەکرد بە چاپ بگات، بەڵام بەداخەوە بە هۆی چەند هۆکارێکەوە ئەو کارە ئەنجام نەدرا.

پشت بە خوای گەورە هەوڵ دەدەین (بە گوێرەی توانا) هەموو بەرهەمەکانی بە چاپ بگەیەنین، هەتا ڕۆحی خوالێخۆشبوو لە بەهەشتی بەریندا پێی شاد ببێت و موسڵمانانیش سوودی لێ وەربگرن (إنشاء الله).

عبدالله نجم الدين

سلێمانی حوزەیرانی ١٩٩٧

# پێشەکی

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

سوپاس وستایشی هەتاهەتایی بۆ پەروەردگار..
دروودو سلاوی بێ پایان بۆ سەر گیانی پێغەمبەری خوا، هەروەها بۆ سەر گیانی پاکی یاران وشوێنکەوتووانی بەگشتی..
لەبەرئەوەی تا ئێستا کتێبێک بە ناوی (بەرهەمەکانی باوەڕ) بە زمانی کوردی زگماگیمان چاپ نەکراوەو گەرچی منیش خۆم بە تاکە سواری ئەو مەیدانە نازانم، بەلام لە سەر داواکاری چەند برایەک، بە یارمەتی خوای گەورە بە نیازم باسێک بنووسم بە ناوی (لە بەرهەمەکانی باوەڕ) وەدەیخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی گەلەکەم وداواکارم لە کەم وکورِیەکانم چاوپۆشیم لێ بکەن وداوای لێ خۆش بوونم لە پەروەردگار بۆ بکەن.
سوپاس وستایشی هەتاهەتایی بۆ پەروەردگاری میهرەبان.

دانەر
هەلەبجە ئەیلولی ١٩٨٤

# شوێنەوارو بەرهەمەکانی باوەڕ

گەورەترین شت لە سەر زەوی‌دا ئادەمیزادە، گرنگترینی ئەندامەکانیشی دڵیەتی، بە نرخترین شتی ناو دڵیش ئیمان وبڕوایە..!

کەواتە ڕێنومایی کردنی مرۆڤ بۆ ئیمانداری گەورەترین نیعمەتی خوایە، (يمنون عليك أن أسلموا، قل لا تمنوا علي إسلامكم بل ا لله يمن عليكم أن هداكم للايمان) (الحجرات/١٧).

*واتە: (ئەی محمد) منەت دەکەن بە سەرتا کە موسڵمان بوون، تۆش بڵێ منەتم بە سەردا مەکەن، بەڵکو خوا منەت بە سەرتاندا ئەکات کە ڕێنومایی کردوون بۆ ئیمان هێنان.*

(ئیمان)یش تەنها ئەوە نی یە کە بە زمان دانی پیا بنێین و بە دڵ باوەڕمان بێیت وئیتر هیچ شوێنەوارو بەرهەمێکی نەبێت، بەڵکو ئیمان ئەوەیە دڵت پڕ لە بیروباوەڕ بێت وئەو باوەڕەیشت نیشانەکانی تیاتدا دەربکەوێت وشوێنەوارەکانی بەدی‌بکرێت، هەروەکو چۆن خۆر کە لە ئاسماندا دەرکەوت ڕوناکی یەکەی دەردەکەوێت، یان گوڵێک لە باخچەیەکدا دەبێتە هۆی بۆندارکردنی باخچەکە.

یەکەم شت لە شوێنەوارو نیشانەکانی ئیمان ئەوەیە کە خواو پێغەمبەرمان لە هەموو شتێک وەکو کەسێک زیاتر خۆش بوێت وشوێنەواری ئەو خۆشەویستی‌یەش دەربکەوێت لە قسەو کردەوەکانماندا، تەماشای گفتارو کردەوەکانت بکە ئەگەر شوێنەواری خۆشەویستی کەسێکی تری تێدا بەدی‌کرا جگە لە خواو پێغەمبەر (صلى ا لله عليه و سلم) ئەوا مانای وایە ئەو ئیمانە لەق ودانەمەزراوە. (قل إن كان آبائكم وأبنائكم وإخوانكم وأزواجكم وعشيرتكم وأموال إقترفتموها وتجارة تخشون كسادها ومساكن ترضونها أحب اليكم من ا لله ورسوله وجهاد في سبيله فتربصوا حتى يأتي ا لله بأمره وا لله لا يهدي القوم الفاسقين) (توبة/٢٤)

*واتە: پێیان بڵێ ئەگەر باوک وکوڕو براو ژن وهۆزتان، یان ئەو ماڵەی کە پەیداتان کردووەو ئەو بازرگانی‌یەی ترستان لێی هەیە (کە بشکێ وڕەواجی نەمێنێ) وئەو کۆشک وخانووانەی دڵتان پێیان خۆشە، ئەگەر ئەمانەتان لەلا خۆشەویست تر بێت لە خواو پێغەمبەر (صلى ا لله عليه و سلم) وتێکۆشان لە*

*ڕێی خوادا، ئەوا چاوەڕوان بن تا فەرمان وسزای خواتان بۆ دێت، خوای گەورە ڕێنومایی ئەو کەسانە ناکات کە لە سنووری ئایین لادەدەن.*

## پەیوەندی ڕەوشت بە بیروباوەڕەوە

کردەوەو ڕەوشتی مرۆڤ پیشاندەری بیروباوەڕەکەیەتی، ئەگەر خاوەنی بڕوایەکی چاك وپاك بوو ئەوا کردەوەکانیشی چاك وپەسەندو دامەزراوە. خۆئەگەر وانەبوو ئەوا کردەوەکانیشی خراپ وناپەسەند ئەبێ.

لەبەرئەوەی بیروباوەڕی (یەکتاپەرستی) پێویستی‌یەکی گرنگە بۆ مرۆڤ تاکو کەسێتی خۆی پێ تەواو بکات ومرۆڤایەتی خۆی پێ دەرببڕێت، پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلی الله علیه و سلم) کاری گەشەپێدانی ئەو بڕوایە بوو لە دڵی موسڵماناندا، چونکە چەکەرەکردنی ئەو بڕوایە دەبێتە هۆی ئاراستەکردنی مرۆڤەکان بۆ چاکەکاری وڕەوشت بەرزی بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە.

باوەڕ، وەك درەختێکی بەرداری هەمە وەرزە وایەو مرۆڤی باوەڕداریش لە چاکەو خێر بەولاوە هیچی تری تێدا دەرناکەوێت.

## لە بەرهەمەکانی ئیمان

بێگومان بەرهەمەکانی ئیمان زۆرە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

ئاشکرایە هەرکاتێ مرۆڤ خوای ناسی، ئەگەر ئەو ناسینە لە ڕێگەی عەقڵ وژیری‌یەوە بێت ئەوا ئەو خواناسی‌یە بەرهەمدارو بەکەڵك دەبێت وشوێنەوارەکانیشی دەردەکەوێت.

لەو بەرهەمانەش ئەمانەن:

**یەکەم: ئازادبوونی ئادەمیزاد لە پەرستنی لە بەندایەتی کردنی بەندەکان.**

ئەمەش بەوە بەرپا دەبێت کە مرۆڤ باوەڕی دامەزراو بێت لە سەر ئەوەی کە تەنها خوای گەورە مرۆڤ وزیندەوەرو گیانداران ڕۆزی دەدات ودەیانژیەنێت، هەر ئەویشە ئەگەر بیەوێت هەر گیاندارێك.. یان مرۆڤێك دەمرێنێت.. بەرز دەکات ... نزم دەکات... زیانی لێ دەدات... سوودی پێ دەگەیەنێت... جا کە

مرۆڤ بەم چەشنە باوەڕی دامەزراو بوو نیتر بەندایەتی بەندە ناکات، با ئەو بەندەیە پێغەمبەریش بێ (صلى الله عليه و سلم) هەروەکو خوای گەورە پێغەمبەری خۆشەویستمان (صلى الله عليه و سلم) فێر دەکات کە بڵێت (قل لا أملك لنفسي نفعا ولا ضرا إلا ما شاء الله، ولو كنت أعلم الغيب لاستكثرت من الخير وما مسني السوء إن أنا إلا نذير وبشير لقوم يؤمنون) (الأعراف/١٨٨)

*واتە: پێیان بڵێ (ئەی محمد) منیش بەندەیەکم خوای گەورە بە پێغەمبەری ڕەوانەی کردووم بۆ سەر ئێوەو ئەو سپاردەیەم لە ئەستۆ دایە. دەسەلاتم نییە هیچ قازانجێک بە خۆم بگەیەنم ونایشتوانم هیچ زیانێک لە خۆم دوور بخەمەوە جگە لەوەی کە خوای گەورە دەیەوێت. من کەسێکم (علم الغيب) نازانم، خۆ ئەگەر بمزانیایە ئەوا خێرو بێری خۆمم زۆر دەکردو زیان وناڕەحەتیم لە خۆم دوور دەخستەوە، من تەنها ترسێنەرو مژدەدەرێکم لەلایەن پەروەردگارەوە بۆ ئێوە.*

لەمەوە تێ دەگەین کە جگە لە پەروەردگار هیچ کەسێک هیچی بە دەست نییە. لەبەرئەوە خوای گەورە مرۆڤی ڕزگار کرد لە پەرستنی مرۆڤەکانی تر یان شتەکانی تر. ڕزگاری کرد لە دیلی وزۆرداریی ستەمکاران وخوانەناسان، ئەوەی کە دەبێتە کۆسپ لە سەرکەوتنی مرۆڤدا بریتی‌یە لە مل کەچ کردن بۆ زۆرداران، جا ئایا ئەو زۆرداری‌یە هەر جۆرێک بێت لە جۆرەکانی ستەم، بۆ نموونە: زۆرداری سیاسی فەرمانڕەواکان، زۆرداری (کهنوتی) پیاوانی ئاینی گاور وجولەکە.

(ابو موسى) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: (کە کۆچمان کرد وچووین بۆ لای نەجاشی پاشای حەبەشە، قورەیشی‌یەکان دوو پیاوی بلیمەت وقسەزانیان بە دیاری‌یەکی چاکەوە نارد بۆ لای پاشاو پێیان گوت:

-قورەیشی‌یەکان ئێمەیان ناردووە بۆ خزمەتتان تا پێتان رابگەیەنین ئەم کۆمەڵە هاتوون وپەنایان بۆ هێناون تا داڵدەیان بدەن، چونکە لە ئایینی باوباپیری خۆیان لایانداوەو نەیشهاتوونەتە سەر ئایینی تۆ، جا بەڵکو تەسلیم بە ئێمەیان بکەنەوە.

(ابو موسى) ئەڵێت: ناردی بە شوێن ئێمەشدا، ئێمەش چووین بۆ لای پاشا، (عمری کوڕی عاص) لای ڕاستی‌یەوە دانیشتبوو، (عبدا لله ی کوڕی ڕەبیعە)ش لەلای چەپی‌یەوەو قەشەکانیش بەڕیز دانیشتبوون.

(عمرو عبدا لله) بە پاشایان گوت: ئێستا دوو کەس دێنە لات بەڵام کڕنوشت بۆ نابەن. گەیشتن، قەشەکان گوتیان:

-کڕنوش بەرن.

+(جەعفەری کوڕی ئەبو طـالب) نوێنـەری ئێمـە بـوو، گوتـی: ئێمـە کڕنـوش جگە لە خوا بۆ کەسی تر نابەین!

لەم نموونەیەوە تـێ دەگـەین کـە بـڕوا بـەخوابوون مـرۆڤ سـەربەرز دەکات وفێری بوێری وئازایی وئازادی دەکات، چـاوو دڵ ودەروونیـان پـڕ بـوو لـە نـوری خۆشەویستی خوایی.

**دووەم:** نەترسان لە مردن وگەشەکردنی گیانی بوێری وخۆبەخت کردن، لە پێناو سەرکەوتنی ئایین دا...، چونکە بڕوابوون بە خوا دڵنیای دەکات لەوەی کە تەمەن وگیانی مرۆڤ بە دەست خوایەو کـاتی تەواوبوونیشـی لـەلای ئـەو دیاری کراوەو چوونە ناو جەنگ تەمەنی مرۆڤ کەم ناکاتـەوەو بـە دانیشتنیش لـە نـاو ماڵدا تەمەن زیاد ناکات، چەندەها کەس لە سەر جێگە مردن وچەندانی تریش لە گەرمەی جەنگدا دەرباز بوون، (وما كان لنفس أن تموت إلا بإذن الله كتاباً مؤجلاً) (آل عمران/١٤٥)

*واتە: هیچ خاوەن دەروونێک بەبێ فرمـانی خـوا گیـانی دەرنـاچێت وبـۆ هـەر گیان دەرچوونێک کاتی تایبەتی دیاری کراوەو لـەلای خـوا نووسـراوەو هـەرگیز پێشکەوتن ودواکەوتنی نی یە.*

لە بەرهەمەکانی ئەم بڕوایـە سـەرکەوتنی موسـڵمانەکان بـوو لـە جەنگـەکانی (بەدر، ئوحود، خەندەق، حوطین....وهتد)

لە بەرهەمەکانی بێ بڕواییش بۆ نموونە: تێک شکانی (١٥٠) ملیۆن کەس لـە بەرانبەر نیو ملیۆن جولەکەدا لـە سـاڵی ١٩٦٧دا، هـەر ئـەم هۆیەشـە سـەری بـە هەزاران ملیۆن موسڵمان کزکردووە لـە بەرانبـەر ئـەو کـارە نالەبارانـەی جولەکـە دەیکات دژ بە موسڵمانان لـە یەکـەمی (قبلتـين) وسـێهەمی (حرمـين)، چونکـە موسڵمانان بڕواکەیان بەو ڕادەیە نییە ئازایەتیان ببێتە پاڵنەری خۆبەخت کردن لە پێناو تێکۆشانی ئیسلامی.

باشترین چەک باوەڕەو تا موسڵمانانیش خاوەنی ئەو چەکـە بـن یـان بووبـن سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو دەیهێنن.

**سێهەم:** **لە بەرهەمەکانی باوەڕ ئەوەیە کـە بـاوەڕدار دڵنیایـە لـەوەی کـە ڕۆزی تەنها بە دەست خوایەو بەشی هەر کەسێک دیـاری کـراوە، جـا هـەوڵ بدات یان نا، (وما من دابةٍ في الأرض إلا على الله رزقها يعلم مستقرها ومستودعها كلٌ في كتابٍ مبين) (هود/٦)**

*واتە: هیچ گیاندارێک نییە لە سەر زەویدا کە خوای گەورە ڕۆزی نەدات ونەزانێت لە کوێوە وچۆن پێی ئەگات، هەموو ئەمانە پەیوەندی بە خوای گەورەوە هەیەو لای ئەو نووسراوەو ئاشکرایە.*

ئەم خاڵە لە هەر کەسێکدا بوو لە چرووکی وڕژدیو تەماع بازیو تێرنەخۆری ڕزگاری دەبێت، هەروەها ئەو کەسە بە خەسڵەتەکانی بەخشندەگی ودەست پاکی ونەفس بەرزی دەڕازێتەوە، دەبێت بە کەسێک کە ئومێدی چاکەی لێ بکرێت ولە خراپەی نەترسێت. چونکە هەندێ کەس لای هەندێ کەس خۆشەویستن لە ترسی ئەوەی کە خراپەیان لە بەرانبەر نەکرێت لەلایەن ئەوانەوە.

لە کاتی جەنگی (تەبووک)دا پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) فەرمانی دا بە موسڵمانان کە هەر کەسەو بە پێی توانا پیتاک وکۆمەک ببەخشێت بۆ ڕێکخستن وئامادەکردنی سوپای موسڵمانان، یەکێک لە یارانی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) پرسی لە (ابوبکر) (خوای لێ ڕازی بێت): چیت بەجێهێشتووە بۆ منداڵەکانت؟

فەرمووی: (خواو پێغەمبەری خوا...)

بەڵێ، کاتێک موسڵمان گەیشتە ئەو ئاستە لە باوەڕدا ڕەزیلی ناکات وحەز دەکات زۆرترین وباشترین شتیان بۆ بەجێ بهێڵێت کە ئەویش تەنها (خواو پێغەمبەرە (صلی الله علیه و سلم)) چونکە خوا خۆی ئەو ماڵەی پێ داوەو پێی خۆشە لە ڕێگەی خوا دا خەرجی بکاتەوە تاکو جێگەکەی بەباشتر بۆ پڕ بکاتەوە، ئیتر ناترسێت لە تیاچوونی گیان وخەرج بوونی سامان!

**چوارەم: دڵ ئارامی وئاسوودەیی:**

هەرکاتێ دڵ ئارام بوو، ئیتر دڵەڕاوکێی نامێنێ، هەست بە تامی شیرینی یەقین دەکات، ئازاو خۆگرە لە کاتێ ڕوودانی کۆسپ وتەنگانەی سەختدا، دڵنیایە کە خوای گەورە خاوەنی گەورەترین دەسەڵاتەو هەر ئەویشە خاوەنی هەموو شتێک وهەرگیز لە ڕزگارکردنی بەندە چاکەکانی بێ ئاگا نییە. (هو الذي أنزل السكينة في قلوب المؤمنين ليزدادوا إيماناً مع إيمانهم) (الفتح/٤).

*(واتە: پەروەردگار ئەو خوایەیە کە دڵ ئارامی وئاسوودەیی بەخشیوە بە باوەڕداران تاکو ئیمانیان قایم ترو بڕوایان زیاتر بێت)* هەر ئەم خەسڵەتە بوو وای لە موسڵمانان کرد کە خۆگر بن لە ژێر ئەو هەموو زەبروزەنگ وناڕەحەتیانەی هاتە ڕێگەیان لە ئازاردانی لاشەیی ودەروونی، دەربەدەرکردن،

.... هتد، چونکە دڵنیا بوون کە خوای گەورە دەرگای خێروخۆشییان لێ دەکاتەوەو سەرکەوتنیان پێ دەبەخشێت.

(الله ولي الذين آمنوا يخرجهم من الظلمات الى النور والذين كفروا أولياءهم الطاغوت يخرجونهم من النور الى الظلمات، أولئك أصحاب النار هم فيها خالدون) (البقرة/٢٥٧).

*واتە: خوا ئاگاداری موسڵمانانە، ڕێگەیان پێ نیشان دەدات، لە تاریکی یەکان ڕزگاریان دەکات وئەیانخاتە ڕووناکی یەوە، ئەوانی تریش (طاغوت)ەکان ڕابەریانن ولە ڕووناکی یەوە بەرەو تاریکی یەکانیان دەبەن.*

لەم ئایەتەدا (ظلمات) بە کۆ هاتووەو (نور) بە تاک، چونکە ڕێگەی ئاسوودەی هەردوو دنیا تەنها یەک ڕێگەی ڕووناکە کە (ئیمان)ە، بەڵام ڕێگەکانی گومڕایی وشەڕو بێ بڕوایی زۆرو هەمەچەشنەن وبە (ظلمات) ناویان هاتووە.

لەو تاریکی یانەش وەکو: تاریکی ئارەزووەکان، دوودڵی، گومڕایی... هتد، ئەم تاریکی یانە کاتێک دڵی مرۆڤ داگیر ئەکەن کە ڕووناکی ئیمانی تێدا نەما...، مرۆڤ لە پەیامی خوایی لای دا، ڕێبازو بەرنامەی دەستکردی هەڵبژارد، فەرمانی لە کەسێکی ترەوە وەرگرت جگە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) ئەوانەش ئاکامیان دیارە (أولئك أصحاب النار هم فيها خالدون).

**پێنجەم:** بەرزبوونەوەی هێزی مەعنەوی مرۆڤ:

باوەڕدار هەست دەکات کە بەستراوەتەوە بە پەروەردگارێکی باڵادەستەوە، سەرچاوەی هەموو خێروخۆشی یەکە، جا ئەگەر مرۆڤ پابەند بێت بەو خوایەوە ئەوا دەبێتە خاوەنی گەورەترین هێزی مەعنەوی ونابێتە دیلی ئارەزووەکانی ولە کۆیلایەتی مادە ڕزگاری دەبێت، تەنها ئامانجی دنیا نابێت، هەوڵ دەدات بۆ جێ بەجێ کردنی کاری باش، خزمەتی گەلەکەی دەکات، لەبەرئەوەیشە کە لە هەر شوێنێکدا خوای گەورە باسی (ئیمان) بکات بە دوای‌دا باسی کردەوەی چاک دەکات بە پێی ئەو ئیمانە، چونکە ئیمان بنچینەو قەدی درەختەکەیەو کردەوەکانیش لق وپۆپەکانیەتی. (إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات يهديهم ربهم بإيمانهم) (يونس/٩).

*واتە: ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کردەوەی چاکە دەکەن، خوای گەورە ڕێنومایيان دەکات بە هۆی ئیمانەکەیانەوە.*

دیارە کەسێک خوا ڕێنومای بێت هیچ خێرێکی لە دەست ناچێت، غەمبار نابێت، چونکە دڵی ڕێنوما کراوە بەرەو ڕاستی (ومن يؤمن بالله يهدي قلبه)

(التغابن/١١). هەر کەسێکیش دڵی ڕۆشن بێ بە دەرک بە ڕاستی وناڕاستی‌یەکان دەکات وسەرلێ شێواو نابێت.

**شەشەم:** ژیانی خۆشی وکامەرانی:

جگە لە خێرو خۆشی قیامەت، تەنها موسڵمان دەتوانێت لەم دنیایەدا خۆش بژی، چونکە خوا خۆی ڕێنومایی کردووە وکۆسپەکانی لابردووەو لە ڕووی سامانەوە ئەوەندەی پێ دەدات کە بەشی سەفەرەکەی بکات وپەکی نەکەوێت. (من عمل صالحاً من ذكرٍ أو أنثى وهو مؤمن فلنحيينه حياة طيبة ولنجزينهم أجرهم بأحسن ما كانوا يعملون) (النمل/٩٧).

*واتە: هەر کەسێک کردەوەی چاک بکات (ئافرەت-پیاو) بە مەرجێک خاوەنی بڕوا بێت ئەوا لە دنیادا بە خۆشی دەیژێنین وبە باشتریش لە کردەوەکانی دنیای‌دا پاداشتی دەدەینەوە.*

بڕواداریی مایەی خۆش گوزەرانی‌یە، پاداشت دانەوەیش نیعمەتێکی ترە، چاکتر پاداشت دانەوە ئەوە هەر تەواو نابێت.

باوەڕدار لە پەنجەرۆکەی سامانەوە ناڕوانێتە بەختەوەری، چونکە جگە لەوەیش دڵ بەندی بەخواو پابەندی بە بەرنامەکەی وخۆبەندی بە موسڵمانانەوەسەرچاوەی بەختەوەری‌یە.

هەروەها ئاسوودەیی خێزان وپەروەردەی منداڵ و... هتد، سامان ومالیش تەنها یەکێکە لە هۆکارەکانی بەختیاری وهەموو شتێک نییە، بگرە جاری وا هەیە سامانداری دەبێتە هۆی شپرزەیی بەختەوەری وخۆش گوزەرانی‌یەکەی بە تایبەت ئەگەر باوەڕو تەقوای لەگەڵدا نەبێت.

هەوڵدان بۆ خۆشی ژیانی دنیا پێویستە لە سەر موسڵمانان وئەوەش نەک لە پاداشتی دواڕۆژی کەم ناکاتەوە بەڵکو زیادی دەکات.

## عەرەبەکان... پێش ئیسلام ودوای ئیسلام بوونیان.

نەک هەر عەرەبەکان بەڵکو تێکڕای مرۆڤەکان پێش ئیسلام لە ژیانێکی ناڕەحەت ودوور لە شارستانێتی‌دا دەژیان، کڕنووشیان بۆ بتەکان دەبرد، ئاستی

زانیاری وسۆشیاری لەوپەڕی نزمی دابوو، ئایینەکەیان هیچ کەڵکی پێ نەگەیاندن وشوێنەوارێکی دیاری نەبوو لە سەر ئاکارو ڕەوشتەکانیان، بڕوایان وا بوو کە خوا ئەم بوونەوەرەی دروست کردووەو پاشان فەرامۆشی کردووەو سپاردوویەتی بەو داروبەردەی ئەوان دەیپەرستن.. !

یان سپاردویەتی بە چەند کەسێک کە بوونەتە پاشاو میر بە سەریانەوە.

لەو ڕوانگەیەوە بۆچوونیان وا بوو کە ئەوان خاک وئاوو ڕۆزی دابەش دەکەن بە سەر خەڵکیدا.. ڕژێم ویاساو هەموو کاروبارێکی گشتی وتایبەتی بە دەست ئەوانە. بڕوابوونیان بە خوا زیاتر نەبوو لەو ئاستە کەمەی لە مێژوو تێ گەیشتبوون.. ! لەبەرئەوە نەیاندەزانی جیاوازی چی‌یە لە نێوان خوای دروستکەرو بەدیهێنەری گەردوون وەستایەکی دروستکەری کۆشک وتەلارەکەیان، پرسیارکردنیان بۆ هەردوو لایەنەکە هەمان وەڵام بوو.

*-کێ ئەم باڵاخانەو کۆشکە کۆنەی دروست کردووە؟*

*-کێ ئەم گەردوونەی دروست کردووە؟ !*

ئەوانیش لە وەڵامدا دەیانگوت: *فلانە پاشای وڵات، کە تەمەن وسەردەمی دەسەڵاتی ڕابوردوە، لەبەرئەوە نەئەترسان لەو پاشایەو پەیڕەوی یاساکانی وفرمانەکانیان نەدەکرد، بڕوای ئەوانیش ئاوا بوو.*

دەیانگوت: *خوا ئاسمانەکان وزەوی دروست کردووە، ئیتر بێ ئەوەی لێی بترسن، یان بیپەرستن، ئایینەکەیان دوور بوو لە سام وهەیبەتی خوا.*

خواناسی‌یەکەیان کەم وکوڕ بوو.. تەنها خواناسی بوو. خواپەرستی نەبوو.. ! بەڵام بە هۆی باوەڕ هێنانیان بە ئیسلام ئەو کەسە توندو وشک ونەزانانە گۆڕان بۆ کەسانێکی نەرم ونیان خاوەن ئیمانێکی دامەزراو ئاکارو ڕەوشتی بەرز، بڕوایان هێنا کە خوای جیهان یەک خوایەو بێ هاوەڵە.. ئەویش بەخشندەو میهرەبانە... خاوەنی بەزەیی‌یە، (مالک)ی ڕۆژی دوایی‌یەو هەموو شتێ بە دەستی ئەوە، خوایەکە پاداشتی چاکەکاران دەداتەوەو سزای خراپکاران دەدات لە بەهەشت ودۆزەخ دا، زیادکردن وکەم کردنەوەی ڕۆزی بە دەست ئەوە، ئاگاداری ئاسمانەکان وزەوی‌یە ونهێنی‌یەکان ئەزانێ لە زەوی بن یان ئاسمان، یان دڵ ودەروونی مرۆڤەکان وئاگاداری (خائنة الأعین)ە.

بەم چەشنە باوەڕ توانی بیانگۆڕێت... گۆڕان لە بیروبۆچوون و(فکر)یاندا لە ژیانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وزانستی‌دا... هتد، ئەو بڕوایە ژێری وهەستی فراوان کردن. ئەمڕۆ ئیمانی دەهێناو سبەینێ بەرهەمی ئیمانەکەی دەبینی‌یەوە،

ئازایەتی وئَردەوەو ڕەوشتی تیا پەیدا دەبوو، گۆڕانێکی سەرتاسەری وخێراو بەردەوام.

ئەو بڕوا هێنانە قوتابخانەیەکی خووڕەوشت بوو.. وانەی تێدا دەخوێنرا.. بڕواهێنان گەورەترین هاندەر بوو بۆ گەڕانەوەو جڵەوگرتنەوەی دەروونی سەرکەشی خەڵکی لەو کاتەداو لە هەموو کاتێکی تردا.. بۆ نموونە: ئەگەر باوەڕدارێک هەڵەیەکی بکردایە لە شوێنێکدا کە هیچ کەسێک پێی نەزانیایە.. یان دەستی یاساو دەسەلاتیشی پێنەگەیشتایە.. بڕواکەی دەبووە لۆمەکاری وخۆی سەرزەنشتی خۆی دەکرد.. جا یان بە پەلە تەوبەی ئەکرد... یان دەچووە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) وخۆی شکایەتی لە خۆی دەکردو داوای سزای خۆی دەکرد.. یان ژیانی لێ تاڵ دەبوو.. باری دەروونی بێزاری دەکرد، هەڵبەت بەوپەڕی دڵ دامەزراوییەوە سزاکەی خۆی قبوڵ دەکرد.. چونکە دڵنیا بوو کە ئەوەی باشترە لە سزای دواڕۆژ وشەرمەزاربوونی لەبەر بارەگای پەروەردگاردا، نموونەی ئەو کەسانەش پیاوێک بوو بە ناوی (ماعز) (خوای لێ ڕازی بێت)، تاوانێکی کرد، کە لە خوا زیاتر کەس ئاگادار نەبوو، بەلام چونکە دڵ وناخی پەروەردەیەکی قورئانی کرا بوو، خۆی هاتە خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) وشکایەتی لە خۆی کرد، پێغەمبەریش (صلى الله عليه و سلم) تا سێ جار ئیزنی دا تاکو بەخۆیدا بچێتەوەو دڵنیا بێت، بەلام ناوبراو هەر دەهاتەوە خزمەتی، تا جاری چوارەم ئەو سزا دنیاییەی وەرگرت کە لە سنووری ئیسلام دایە، بە هەمان شێوە بۆ ئافرەتێکی (غامدی)ش، هەردووکیشیان پاش مردنیان شۆران، کفن کران، لە گۆڕستانی موسڵمانان ئەسپەردە کران.. نوێژیشیان لە سەر کرا.

بەڵێ، بڕواهێنانی ڕاستەقینە پاسەوانی مرۆڤە لە هەموو خراپەیەک لایدەدات وبەرەو هەموو چاکەیەک پاڵی پێوە دەنێت.. باوەڕدار لە کاتی دەسەلاتی دا کەس ناترسێنێت.. لە کاتی بێ دەسەلات بوونیشی دا لە کەس ناترسێت جگە لە پەروەردگار.

لە کاتی جەنگەکانی ڕزگارکردنی شوێنەکاندا ڕووداوی سەرنج ڕاکێش ڕووی دەدا، بۆ نموونە: (طبري) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: موسڵمانان چوونە (مدائن) کە پایتەختی دەوڵەتی فارس بوو، پاش کۆکردنەوەی (غەنیمە).. پیاوێک هات حۆقەیەکی پێ بوو، تەسلیمی کرد، ئەوانەی لەگەڵی دا بوون گوتیان: شتی وامان نەدیوە، ئەوەی تۆ لە هی ئێمە ناچێت، ئایا هیچت لێ هەڵ نەگرتووە؟

ئەویش گوتی: واللە، ئەگەر خوا ئاگادار نەبووایە ئەمەم بۆ نەدەهێنان وهەموویم بۆ خۆم هەڵ دەگرت..! ئەوانیش بۆیان ڕوون بووەوە کە ئەم پیاوە کەسێکی سەر ڕاست ودەست پاکە وخاوەنی بڕوایەکی دامەزراوە، ئەم وتووێژە لە نێوانیاندا ڕووی دا:

*-تۆ کێ بیت وناوت چی یە؟*

*+بەخوا پێتان ناڵێم، هەروەها بە خەڵکی تریش ناڵێم، چونکە من نامەوێت کەس سوپاسم بکات، من سوپاسی خوا دەکەم وڕازیم بە پاداشتەکەی ئەو.*

(پیاوێکیان نارد بە شوێنیدا تا لێی بکۆڵێتەوەو لە خەڵکی پرسیار بکات، سەرەنجام دەرکەوت کە ئەو پیاوە (عامری کوڕی عبدالقیس)ە).

بڕوابوون بە خوا فێری دەکات کە دڵنیا بێت لەوەی کە خوای گەورە لە هەموو کات وشوێنێکدا ئاگادارە بە سەر بەندەکانی‌یەوە... ئەم یەکتاپەرستی‌یەی باوەڕداران سەرفرازی کرد بوون وملیان بۆ کەس نەوی نەکرد نە بۆ پاشاکان ونە بۆ سەرکردەکان..!

چاوو دڵیان پڕ بوو لە نوری خوایی.. کە دەیانڕوانی‌یە پاشا خاوەن دەسەڵات وتاج وتەخت ودارایی زۆرو بەرگی ڕازاوەو کۆشک وتەلارەکانی ئەوان.. وەک تەماشای بووکە شووشەی مناڵان بکەن کە بە بەرگی ئاڵاو واڵا ڕازابێتەوە.

(سعدی کوڕی ئەبی وقاص)، (ربعی کوڕی عامر)ی نارد بۆ لای سەرکردەی سوپای فارسەکان، لە کاتێکدا کۆشکی ڕۆستەم ڕازاوە بوو بە جۆرەها فەرشی گران بەها ئاوریشمی بەدوڕ چنراوو کانزای بەنرخ، ڕۆستەم تاجی پاشایەتی لە سەردا بوو، لە سەر کورسی زێڕ دانیشتبوو.

(ربعی) جل وبەرگێکی زبرو کۆنی لەبەردا بوو، خودەیەکی لە سەردا بوو، سواری ئەسپە کورتەکەی بوو، نەوەستا هەتا چووە بەردەمی پاشا بە سەر فەرشە جوانەکاندا، پاشان دابەزی وئەسپەکەی بە یەکێک لەو مەتکانەوە بەستەوە کە پیاوماقوڵان ومیوانەکان ووەزیرەکان لە کاتی دانیشتن دا پشتیان پێوە دەدا، بە خۆی وچەکە سادەکەیەوە بەرەو ڕووی پاشا ڕۆیشت، پاسەوانەکان پێیان گوت:

*-چەکەکەت دابنێ، ئینجا بچۆرە خزمەتی پاشا.*

*+من لە خۆمەوە نەهاتووم، بەڵکو خۆتان بانگتان کردووم، ئەگەر بەم شێوەیە ڕێگەم دەدەن چاکە، ئەگینا ناچم ودەگەڕێمەوە.*

ڕۆستەم مۆڵەتی داو وتی:

*-ڕێگەی بدەن، چۆن دەیەوێت با ئاوا بێتە ژوورەوە.*

لە سەر نوێکی ڕمەکەی چووە ژوورەوە، فەرشەکانی کون کون کرد..!
ئەم وتووێژە لە نێوان (ربع) و(ڕۆستەم)دا ڕووی دا:
*-چی تۆی گەیاندۆتە ئێرەو بۆچی هاتوویت؟*
*+خوای گەورە ئێمەی ڕەوانە کردووە، تاکو مرۆڤەکان لە بەندایەتی بەندەکانەوە ڕزگار بکەین بۆ بەندایەتی کردنی پەروەردگار..!*
*تا خەڵکی ڕزگار بکەین لە تەنگی دنیاوە.. بۆ فراوانی هەردوو دنیا..!*
*لە ستەم وزۆرداریەوە خەڵکی بەرینە ناو دادپەروی ئیسلامەوە..!*
یارانی پێغەمبەر (صلی الله علیـه و سلم) وموسڵمانان بەو شێوەیە خاوەن باوەڕ بوون... خۆگر بوون لە کاتی ناڕەحەتی‌دا، بۆ نموونە: کاتێک مەککەیان بەجێ هێشت و کۆچیان کرد بۆ حەبەشە،
لەو ڕۆژەدا کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە
لەو ڕۆژەدا کە سەرکەوتن لە (بدر)دا.
لەو ڕۆژەدا کە شکان لە (أُحد)دا.
لەو کاتەدا گەمارۆدران لە (مەدینە)دا.
ئەوان دوودڵی وترس ڕووی تێ نەدەکردن چونکە دڵنیا بوون لە خۆیان.. دڵنیاش بوون کە لە سەر ڕێبازی هەقن.. بانگەوازی ڕێگەی هەق دەکەن، برواپان بە ڕۆژی دوایی وپاداشتە خوایی‌یەکان بێ سنوور بوو..
(ئەنەسی کوڕی نضر) (خوای لێ ڕازی بێت) لە غەزای (ئوحود)دا کاتێ کەوتنە پێکدادان لەگەڵ بێ بڕواکاندا (سەعدی کوڕی مەعاز) (خوای لێ ڕازی بێت) بەرەو ڕووی هات وبەمژدەوە پێ‌ی گوت:
*-ئەی سەعد بۆنی بەهەشت دێت..!*
*سوێند بە خوای کەعبە بۆنی بەهەشت دەکەم لە کێوی (ئوحود)..!*
(سەعد) ئەفەرموێ: کە چووینە سەر تەرمەکەی (هەشتاو ئەوەندە زامی پێوە بوو لە زامەکانی شیرو تیرو ڕم..! لووت وگوێ‌یان بڕیبوو..! کەسمان نەماننناسیەوە تا خوشکەکەی بە سەری پەنجەکانی ناسییەوە..!
پێغەمبەر _ﷺ) لە غەزای (بدر)دا فەرمووی: (قوموا الى الجنة عرضها السماوات والأرض)
(عمری ئەنصاری) (خوای لێ ڕازی بێت) وتی:
*-ئەی پێغەمبەری خوا، بەهەشت هێندەی زەوی وئاسمانەکانە؟!.. بەخ.. بەخ..*
پێغەمبەر فەرمووی:

*+چی وای لێ کردیت بلێیت: بەخ.... بەخ...؟!*

*-بەخوا... هیچ... جگە لەوەی دەمەوێت نیشتەجێی ئەو بەهەشتە بم..!*

*+تۆ نیشتەجێی ئەو بەهەشتەیت..!*

(عمری ئەنصاری) (خوای لێ ڕازی بێت) چەند دەنکە خورمایەکی پێ بوو دەیخوارد، بە خۆی گوت:

*تا ئەم خورمایانە ئەخۆم... درەنگ دەبێت..*

خورماکانی فڕێ داو هاتە مەیدانەوە... تێکۆشا...! هەتا شەهید کرا...! (رواه مسلم)

هەروەها بەسەرهاتەکەی پیاوێکی پیرو شەلی وەک (عمری کوڕی جەموح) (خوای لێ ڕازی بێت) وکورەکانی ئاشکراو دیارە..!

عەرەبەکان پێش باوەڕهێنانیان بە ئیسلام... زۆر سەرسەخت وکەللەڕەق بوون.. گوێیان نەدەدایە بنەما ڕەوشتی‌یەکان.. بەڵام لە ڕووی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی وئابووری‌یەوە ملیان بۆ کەس شۆڕ نەدەکرد.. دانیان بە هیچ یاسایەکدا نەدەنا.. تیرەگەری وخۆپەرستی زاڵ بە سەریاندا... سەرگەردان بوون.. لە ڕووی بیرو هۆشیاری‌یەوە.. بەڵام کاتێک موسڵمان بوون.. گۆڕان.. بە گۆڕانێکی بێ وێنەی سەرتاسەری..!

بڕوایان هێنا کە ئەم بوونەوەرە موڵکی خوایەکی خاوەن دەسەڵاتە.. پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بکرێت..! بەتەواوەتی تەسلیمی ئەبوون..! دەستیان لە هەموو جۆرە گوناهێک دەکێشایەوە..! نەدەبوونە بەندەی ماڵ وموڵک وگیانی خۆیان..! بەڵکو هەموویان دەبەخشی لە ڕێگەی ڕەزامەندی خوادا..! ئاشتی وجەنگ وخۆشەویستی وتووڕەبوونیان لەو پێناوەدا بوو. سەردانی کەس وکاریان وفەرامۆش کردنیان.. هەموو کاروبارو کردارو گفتارێکیان لەو سنوورەدا بوو.. چونکە لە مەبەستە قورئانی‌یەکان تێ دەگەیشتن.. دەیانزانی ئیسلام چی‌یەو بەرهەمەکانی چین؟ دڵنیا بوون ئیسلام بوون واتە: دەرچوون وکۆچ کردن لە جۆرە ژیانێکەوە بۆ ژیانێکی نوێ ولە مەملەکەتێکەوە بۆ مەملەکەتێکی تر..! واتە:

لە شەڕەوە بۆ ئاشتی

لە خۆپەرستی وبت پەرستی‌یەوە بۆ خواپەرستی

لە پاشاگەردانی‌یەوە بۆ یاساداری

لە کارکردن بە پێی حەزو ئارەزووەکانەوە بۆ کارکردن بە پێی فەرمانی پەروەردگار..!

بەربەرەکانێیان لەگەڵ یاساکانی خوادا نەدەکرد..!
خۆیان لە فەرمانەکانی پێغەمبەر (صلی اللّه علیه و سلم) گێل نەدەکرد..!
کە فەرمانێکی خوایی دەهاتە سەریان ئارەزووی خۆیان بەکاردەهێنا.
داد بۆ لای کەس نەدەبرا جگە لە حوکمی خوای میهرەبان.
باوو نەریتی کۆن وناپەسەند کاری پێ نەدەکرا.
بەتەواوەتی کۆچیان دەکرد لە نەفامی وعادەتەکانیەوە بۆ ئیسلام ویاساکانی.

ئەم گۆڕانە گەورانەش بێ دوودڵی وترس.. بەخێرایی وسەرتاسەری ڕوویان دەدا. بینینی ڕووخساری پیرۆزی پێغەمبەر (صلی اللّه علیه و سلم) بۆ خۆی کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەر دەروونی خەڵکی، بۆ نموونە: (فضالة)ی کوڕی (عومەیر) لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلی اللّه علیه و سلم) لە تەواف دا بوو لێی نزیک بووەوە بەو نیازەی کە شەهیدی بکات.. ئەم وتووێژە لەوێدا ڕووی دا:

*+تۆ فەضالەیت؟*
*-بەڵێ، من فەضالەم ئەی پێغەمبەری خوا..*
*+ئەوە خەیاڵی چیت ئەکردو نیازت چی بوو؟*
*-هیچ! یادی خوام دەکرد..!!*
*+(پێکەنی وفەرمووی): أستغفر اللّه..* (پاشان دەستی خستە سەر سنگی، ئەو نیازە پیسەی لە دڵیا بوو نەما)
*-بە خوا کە دەستی خستە سەر سنگم ولایبرد، وام زانی هیچ کەسێک نییە کە لە خواو پێغەمبەر (صلی اللّه علیه و سلم) خۆشەویست تر بێت لەلام.*

ئیتر (فضالة) بەتەواوەتی موسڵمان بوو..
(فضالة) ئەڵێ: کە گەڕامەوە تووشی ئەو ئافرەتە بووم کە هەموو جارێک پێشتر قسەمان پێکەوە هەبوو، ئافرەتەکە پێی گوت:
*-وەرە با قسەکانمان بکەین؟*
*+من ئێستا موسڵمانم وئیسلام ڕێگەم نادات ئەو جۆرە قسانەت لەگەڵ دا بکەم*[1]

ئیمان هێنانی ڕاستەقینە هەموو مرۆڤەکانی ڕاست دەکردەوە، هەموو کەسێکی لە جێگەی خۆیدا دادەنا.. ئەو مرۆڤانە دەبونە چەپکە گوڵ.. دڕکیان

---

[1] - بڕوانە (زاد المعاد) بەشی دووەم ل١٦٦

تێدا نەدەما.. یەک خێزان بوون.. باوکی هەموویان ئادەمەو ئەویش لە (گڵ)ە..، بە خواناسینی زیاتر نەبێ کەس لە کەس باشتر نەبووە.

پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) دەفەرموێت: (هەمووتان لە ئادەمن.. ئادەمیش لە گڵ دروست کراوە، یان ئەبێ ئەو کەسانە واز بێنن لە شانازی کردن بە باوک وباپیریانەوە، یان دەبێ لەلای خوا لە قالۆنچە کەمتر بن). لە فەرمایشتێکی تردا (صلی الله علیه و سلم) دەفەرموێت: _ئەی ئادەمیزادەکان..! خوا ئێوەی لە عەیبەکانی نەفامی دوور خستووەتەوە... لە خۆبەزل زانی وشانازی کردن بە باوباپیرەوە دووری خستوونەتەوە.. مرۆڤ دوو جۆرە: کەسێکی چاک وپاک وخاوەن رێز لەلای خوا... کەسێکی خراپ وناپاک وسووک لەلای خوا).

## خۆشەویستی وگوێڕایەڵی موسڵمانان بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم):

پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) هەڵس وکەوت ودانیشتنی لەگەڵ موسڵماناندا بوو.. وەکو یەکێک بوو لە خۆیان.. شوێنێکی جیاوازی بۆ خۆی دیاری نەدەکرد لە دانیشتن و ڕۆیشتن دا. موسڵمانان خۆشیان دەویست.. گوێڕایەڵی بوون.. ئەو هەڵوێست وکارانەی ئەوان لە پێناو خۆشەویستی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم) ئەنجامیان داوە.. بێ وێنەیە لە مێژوودا.. هەرگیز لەمەولاش شتی وا ڕوو نادات.

(زەیدی کوڕی ثابت) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ناردمی تا بە شوێن (سعدی کوڕی ربیع)دا بگەڕێم (خوای لێ ڕازی بێت) لە غەزای (ئوحود)دا وفەرمووی ئەگەر دۆزیتەوە سەلامی منی پێ بگەیەنە..!

(زید) ئەڵێ: گەڕام... گەڕام... تا لە نێوان کوژراوەکاندا دۆزیمەوە.. بینیم لە گیانەڵا دایەو حەفتا زامی سەختی پێوەیە...، پێم گوت:

*-ئەی سەعد، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) سەلامت لێ دەکات..!*

گوتی: سەلامی خوا لە سەر پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم)، پێی بڵێ: *ئەی پێغەمبەری خوا (سعد) بۆنی بەهەشت دەکات..، بە خزمەکانیشم بڵێ: لەلای خوا هیچ بەهانەیەکیان وەرناگیرێت ئەگەر ئەوان بهێڵن دوژمنانی خوا دەستیان بە پێغەمبەر بگات وئەوانیش بۆی بروانن..!!* ئیتر گیانی پاکی بە پەروەردگار سپارد..!

ئەو کەسانەی لە (مەککە)دا موسڵمان بوون (٢٩) پیاو بوون ئاشکرا نەبوون، (ابوبکر صدیق) (خوای لێ ڕازی بێت) گوتی:

*-ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) با خۆمان ئاشکرا بکەین.*

*+جارێ ئێمە ژمارەمان کەمە وبێ دەسەلاتین.. خۆدەرخستنمان لەم قۆناغەدا باش نیە.*

-ابوبکر، وازی نەهێنا تا مۆڵەتی لێ خواست، ئیتر چوون بۆ دەوری کەعبە، موسڵمانەکان بۆ پاراستن بڵاوبوونەوە بە دەوری کەعبەداو (ابوبکر) (خوای لێ ڕازی بێت) هەڵساو وتارێکی خوێندەوە.. داوای کردن بۆ خواپەرستی وبانگەوازی لێ کردن. بێ بڕواکان ڕووبەڕووی موسڵمانان بوونەوەو دەستیان کرد بە ئازاردانیان (عەتەبەی کوڕی ڕەبیعە) بە نەعلەکانی کەوتە لێدانی دەم وچاوی ئەبوبەکر تا وای لێ کرد ڕوخساری جیا نەدەکرایەوە...، پاشان خزمەکانی (ابوبکر) هاتن وخستیانە عەبایەکەوەو بردیانەوە بۆ ماڵەوە... تا ئێوارە بێ زمان بوو بەتەمای ژیانی نەبوون...، کاتێ زمانی کرایەوە یەکەم قسەی ئەوە بوو کە گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا چی بەسەرهات؟

خزمەکانیشی دەستیان کرد بە قسە پێ گوتن وسەرزەنشتی کردنی وبە (ام الخیر)ی دایکیشیان گوت: نان وئاوی مەدەرێ..!

کە ئەوان ڕۆیشتن دایکی هەوڵی دا خواردنی بداتێ...، بەلام ئەو هەر دەیگوت: ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) چی بە سەر هات؟

دایکی گوتی: بە خوا من ئاگام لە هاوڕێکەت نیە!

گوتی: بچۆ بۆ لای (ام جمیل)ی کچی (خطاب) بزانە ئەو هەواڵی نازانێت؟

چوو بۆ لای و ئەویش گوتی:

*- من ابوبکر.. ناناسم.. (محمد)ی کوڕی عبداللە ش ناناسم بەلام ئەگەر پێت خۆشە با بچین بۆ لای کوڕەکەت.*

(ام جمیل) لەگەڵ دایکی ابوبکردا هاتنەوە، بینی کەوتوەو هیلاکە گوتی: سوێند بە خوا ئەوانەی ئاوایان لە تۆ کردووە بێ بڕواو ناپاکن، من ئومێدەوارم خوای گەورە تۆڵەی تۆیان لێ بسێنێ.

ابوبکر پێی گوت: *پێغەمبەری خوا چی بە سەر هات؟!*

(ام جمیل) گوتی: *ئەوە دایکتە گوێی لێتە؟!*

ابوبکر گوتی: *مەترسە لە دایکم.*

(ام جمیل) گوتی: *سوپاس بۆ خوا پێغەمبەر سەلامەتە..!*

ابوبکر: *ئەی لە کوێیە؟*

ام جمیل: لە ماڵی ئەرقەمە..

ابوبكر هەستاو گوتی: هیچ ناخۆم تا نەچمە خزمەتی، تا شەو داهات وەستا، کە هاتوچۆ کەم بووەوە ئەویش توانی خۆی ڕابگرێت، دایکی وخوشکە ئاینی‌یەکەی چوونە ژێر باڵی وچوو بۆ خزمەتی پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم).

کەسێک بیەوێت باوەڕداری ڕاستەقینە بێت دەبێت خۆشەویستیەکەی بۆ پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم) بەو ڕادەیەو زیاتریش بێت..!

لە غەزای (ئوحود)دا ئافرەتێک باوکی وبراکەی ومێردەکەی شەهید کرا بوون، ئەوانی لە یاد نەبوو لە تاو خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم) وپەیتاپەیتا دەیپرسی: ئەی پێغەمبەری خوا چۆنە؟

گوتیان: سوپاس بۆ خوا باشە..

گوتی: کوا؟... لە کوێیە..؟ نیشانم بدەن تا بیبینم..!

کە بینی.. هاتە خزمەتی وپێی گوت: هەموو بەڵاو موسیبەتێک پاش سەلامەتی تۆ سووک وئاسانە..! -(إبن إسحاق) گێڕاویەتیەوە-

جارێکیان (ابو سفیان) کە باوکی (أم حبيبة)ی خێزانی پێغەمبەر بوو، هات بۆ ماڵی پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم) هەر گەیشتە ماڵی پێغەمبەرو خەریک بوو لە سەر فەرشەکە دابنیشێت، خێرا (أم حبيبة)ی کچی فەرشەکەی پێچایەوەو خستیە تاقەکەوەو ئەم وتووێژە لە نێوان باوک وکچ دا ڕووی دا:

-کچم نازانم ئایا لەبەر من یان لەبەر فەرشەکە، فەرشەکەت پێچایەوەو لات برد؟

+بابە گیان! ئەوە فەرشی پێغەمبەرە (صلی اللە علیە و سلم) تۆیش بێ بڕوایت ونابێ لە سەر فەرشی ئەو دابنیشیت! ([2])

یەکێک لە دوژمنانی پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم) کە (عروة بن سعود الثقفي)یە کە لە ڕێککەوتنەکەی (حديبية)دا گەڕایەوە بۆ (مەککە) بە خزمەکانی گوت:

-خزمینە..!

*مـن چووم بۆ لای پاشایان... کیسرا... قەیسەر... نەجاشی... بە خوا نەمبینیوە هیچ پاشایەک بەردەست وکۆمەڵەکەی هێندەی یارانی محمد (صلی اللە علیە و سلم) ڕێز لە گەورەکەیان بگرن..*

---

[2] - بڕوانە (زاد المعاد) بەشی دووەم ل١٦٦.

*به خوا ئەگەر تف لە دەمی دا بکەویت ناهێڵن بگاتە سەر زەوی..! کە فرمانێک ئەدات هەریەکە بەلایەکدا پەلامار دەدەن بۆ جێ بەجێ کردنی..! کە دەست نوێژ بگرێت خەریکە ببێ بە ئاژاوە لە سەر بەرماوە ئاوەکەی! کە قسە ئەکات هەموویان بێ دەنگ دەبن..! لەبەر گەورەیی و رێزیان بۆی پڕ بە چاویان سەیری ناکەن..!* ( [3] )

ئەم گوێڕایەڵی‌یە هۆی خۆشەویستی‌یە بێ وێنەکەیان بوو بۆی. پڕ بە دڵ خۆشیان دەویست... ئەمەش لە قسەکانی (سعدی کوڕی مەعاذ)دا ڕەنگ دەداتەوە کە بە ناوی خۆی و مەدینەیی‌یەکانەوە لە غەزای (بەدر)دا وەڵامی پێغەمبەری دایەوەو گوتی:

-بە ناوی خۆم و یاریدەدەرەکانەوە پەیمان دەدەین و پێت ئەڵێین: بۆ هەر شوێنێ ئارەزووت هەیە بڕۆ ئێمە لەگەڵتا دێین.. پەیمان لەگەڵ هەر کەسێ دەبەستی ببەستە..! پەیوەندی لەگەڵ هەر کەسێک دەپچڕێنی بیپچڕێنە..! ماڵ و سامان چەندت ئەوێ لێمان وەربگرە..! چەندیشمان بۆ بەجێ ئەهێڵیت بەجێ‌ی بهێڵە..! سوێند بە خوا..! ئەوەی لێمان وەرئەگری پێمان خۆشترە لەوەی کە بۆمان بەجێ دەهێڵیت، فەرمانت هەرچۆنێکە ئێمە شوێنکەوتوو و گوێڕایەڵی تۆین..! بە خوا ئەگەر بڕۆیت تا (برك الضماد) ( [4] ) لەگەڵتا دێین..! ئەگەر بمانخەیتە ناو دەریاوە هەموومان ئامادەیین و کەسمان دواناکەوین..!

کاتێک غەزای (تەبوک) دەستی پێ کرد، سێ کەس لە موسڵمانەکان بە جێ مان و نەڕۆیشتن، کە گەڕانەوە پێغەمبەر (صلی اللہ علیه و سلم) قسەی لەگەڵ نەکردن و فەرمانیشی دا موسڵمانان کە کەس قسەیان لەگەڵ دا نەکات تا بزانین فەرمانی خوایی چی‌یە؟ ئەوە بوو نە خۆی و نە هاوەڵانی قسەیان لەگەڵدا نەکردن. ئەو شارە وەک شاری مردووی لێ هات بە لای ئەو سێ کەسەوە..! یەکێک لەو سێ کەسە (کەعب)ە کە خۆی دەڵێت:

-چووم بۆ ماڵی (أبو قتادة)ی ئامۆزام، لە دەرگام دا، دەرگایان لێ نەکردمەوە زۆر خەمم خوارد، لە داخاندا جلەوی دەروونم بە دەست خۆم نەماو بە سەر دیوارەکەدا سەرکەوتم، کە سڵاوم کرد، گوێم لێ نەبوو هیچ کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەی ماڵی ئامۆزاکەم وەڵامم بدەنەوە، ئەم وتووێژە لەگەڵ ئامۆزاکەی‌دا ڕووی دا:

---

[3] - بڕوانە (زاد المعاد) بەشی دووەم ل١٧٥.

[4] - شوێنێکە لە یەمەن (زاد المعاد) ل١٣٠.

-باوکی قەتادە، سوێند بە خوا! من خواو پێغەمبەری خوام خۆش دەوێت..!

+بێ دەنگ بوو، هیچی نەگوت.

-دیسان سوێند بە خوا، من خواو پێغەمبەری خوام خۆش دەوێت..!

+خواو پێغەمبەری خوا دەزانن!

-دەستم کرد بە گریان و لە لە سەر دیوارەکەوە گەڕامەوە..!

لە کاتێکدا (کەعب) سزا دراوە بە گەمارۆی قسە لەگەڵ نەکردندا بەڵام هەر گوێڕایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات و بە موو لانادات.. جگە لەمەش پیاوێکی نارد بۆ لای (کەعب) و فەرمانی پێ دا کە پێی ڕابگەیەنێت لە خێزانەکەی دابڕێت...!

ئەویش: جارێ بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوکت تا بزانین فرمانی خواو پێغەمبەر چۆن دەبێ؟! (کەعب) زیندوویەکی مردوو بوو...! زۆر پەرێشان بوو، کەس قسەی لەگەڵ ناکات، ئەگەر ئەویش بیەوێت قسە لەگەڵ خەڵکی بکات، ئەوان وەڵامی نادەنەوە! پاشای (غەسسان) نامەیەکی بۆ (کەعب) نووسیبوو، (کەعب) خۆی دەڵێت:

-ڕۆژێکیان لە بازاڕدا بە بێزاری دەگەڕام، یەکێک لە جوتیارەکانی (شام) کە خواردنیان دەهێنا بۆ (مەدینە) بۆ فرۆشتن، پرسیاری دەکردو دەیگوت:

+کێ (کەعبی کوڕی مالک)م پێ دەناسێنیت؟!

خەڵکەکەش ئیشارەتیان بۆ من دەکرد، جوتیارەکە هاتە لام و نامەیەکی پاشای (غەسسان)ی پێدام، کردمەوەو خوێندمەوە، نووسرابوو:

پاش سڵاو!

هەواڵمان پێ گەیشتووە کە هاوەڵەکەت (محمد) دەنگی لێ دابڕیویت، خوا تۆی نەخستوەتە شوێنی سووکایەتی و فەوتان، وەرە بۆ لای ئێمە کۆمەکیت پێ دەکەین.

(کەعب) دەڵێت: کە نامەکەم خوێندەوە گوتم: ئەمەش موسیبەتێکی ترە. نامەکەم خستە تەنوورەوەو سوتاندم!

ئەوەیە بەرهەمی خۆشەویستی ڕاستەقینە..!

هەروەها نموونەی هاتنە خوارەوە ئایەتی فەرمان دان بە نەخواردنەوەی مەی و شەراب هەمان کاریگەری هەبوو لە رووی جێ بەجێ کردنەوە.

(بڕوانە هۆی دابەزینی ئایەتی ژمارە (٩٠-٩١)ی سورەتی (المائدة).

که خۆشەویستی خوا لە دڵدا چەسپا.. ڕەگی داکوتا، خاوەنی ئەو دڵە ئامادەیە بە هەموو شتێک قوربانی بدات لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگارەکەیدا، چونکە شیرینی ئیمانی کردوەو تامی (یەقین)ی زانیوە!

پیغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بانگی (عبدا لله ی کوڕی عبدا لله ی کوڕی ئوبەی) کرد، فەرمووی:

*+نابینی باوکت چی دەڵێت؟*

*-چی دەڵێت؟ دایکم و باوکم بە قوربانت بێت؟!*

*+ئەڵێت: ئەگەر ئێوە بگەڕێینەوە بۆ (مەدینە) خاوەن عیزەتەکان و زەلیلەکان دەردەکەون!*

*-سوێند بە خوا ڕاست دەکات، کاتێک جەنابت هاتیتە (مەدینە) دانیشتوانی مەدینەش دەزانن کە لەو شارەدا کەسی لێ نەبوو لە من چاکتر بێت لەگەڵ باوکیدا، ئەگەر ئێستاش خواو پێغەمبەری خوا ڕازی بن سەری باوکم لە لەشی لێ دەکەمەوەو دەیکوژم!*

*+نەئ... ڕازی نابین!*

کە گەیشتنە (مەدینە) عبدا لله ی کوڕی عبدا لله لە دەروازەی شاردا ڕووبەڕووی باوکی خۆی ڕاوەستا بوو بە شمشێرەکەیەوەو پێی گوت:

*-تۆ گوتوتە ئەگەر بچینە مەدینە خاوەن عیزەتەکان زەلیلەکان دەردەکەن؟ ئێستا بۆت دەردەکەوێت ئاخۆ عزەت هی تۆیە یان هی پێغەمبەری خوایە! بە خوا سێبەری (مەدینە) نایەتە سەر سەرتان هەتاهەتایە... تاکو بە ئیزنی خواو پێغەمبەر نەبێت!*

باوکی هاواری برد بۆ خزمەکانی لە (خەزرەج) و گوتی:

*-کوڕەکەم نامهێڵێت بچم بۆ ماڵی خۆم..!*

*-بە خوا نابێ بچیتە ناو مەدینەوە بە ئیزن نەبێت..!*

چەند پیاوێک کۆبوونەوەو تکایان بۆ کرد، بەڵام بێ سوود بوو، پیاوەکان چوونە خزمەت پێغەمبەرو ئەویش فەرمووی:

+برۆن پێی بڵێن: ڕێگەی بدات با بچێتەوە بۆ ماڵی خۆی!

ئیتر (عبدا لله) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمانەکەی وەرگرت و ڕێگەی دا.

## (ئیماندار سەرو ماڵی بە خوا دەفرۆشێت)

(خوای گەورە گیان و ماڵی لە باوەڕداران کڕیوە بە بەهەشت، لە ڕێگەی خوادا تێ بکۆشن و بێ باوەڕان لەناوبەرن، بکوژن یان بکوژرێن پەیمانێکی خوایی ڕاستە لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا ئەو پەیمانە دراوە، کێ لە خوا بە وەفا ترە بۆ پەیمانەکانی، مژدە بدەن بەو کەسانەی ئەو مامەڵەیە لەگەڵ خوادا دەکەن بە ڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەیە ) سورەتی (التوبة/١١١).

موسڵمان کاتێک سەربەست و سەرفرازە کە هەوڵ بدات بۆ خۆ دەرباز کردن لە ستەم و خراپکاری، هەرکاتێک موسڵمانان گەڕانەوە بۆ شارێگەی ئیسلام و لە خودی خۆیانەوە دەستیان پێ کرد... پاشان خێزان و دراوسێ و خەڵکی تر، مانای وایە ئیمان لە دڵدا گەشەی کردووەو بەرهەمی دەبێت! چونکە ڕێگەی هەقیان گرتوەتە بەر (فماذا بعد الحق إلا الضلال) (یونس/٣٢).

دەبێ مرۆڤ بە تەواوەتی دڵنیا بێ لە ڕاستی پەیامەکەی کە ئیسلامەو کاری بۆ بکات، زۆر کەسیش ڕقەبەرایەتی لەگەڵ ئیسلامدا دەکرد بەڵام سەرەنجام بۆی دەرکەوت کە تەنها ئیسلام مرۆڤ بەختەوەرو ئاسوودە دەکات... وڵات بێ ئاژاوەو ئاسایش دەکات، سەربەستی و ئازادی بە هەموو جۆرە ڕەواکانیانەوە بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکات.

## بەرهەمی ئیمان لە دەروونی ئافرەتاندا

ئیمان بۆ مرۆڤە... بە هەردوو ڕەگەزەکەیەوە، شوێنەواری ئیمان لە دڵ و دەروونی ئافرەتاندا لە هی پیاوان کەمتر نییە! قوتابخانەکەی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بووە مایەی پێگەیاندنی چەندین ئافرەتی هۆشیارو ڕۆشنبیرو تێکۆشەر لە ڕێگەی خوادا، با چەند نموونەیەک لەوانەش باس بکەین:

### ١- فاطمەی کچی عبدالملک کوڕی قەروان

کاتێک شووی کرد بە عمری کوڕی عبدالعزیز (خوای لێ ڕازی بێت) باوکی خەلیفە بوو دەسەڵاتی هەبوو بە سەر (شام و عێراق و حیجاز و یەمەن و ئێران و

سند و قەفقاز و قريم و ما وراء النهر) لە خۆرهەڵاتەوە، لە خۆراواوە دەسەڵاتی هەبوو بە سەر (میسر و سودان و لیبیا و جەزائیر و تونس و مەغریب و ئیسپانیا)دا، هەروەها خوشکی چوار خەلیفەی بەناوبانگی تریش بووە کە بریتی بوون لە (ولید-هشام-زید-سلمان)، هەروەها خێزانی خەلیفەی ئیسلام بوو، ئەم ئافرەتە خشڵ و ئاڵتوونێکی یەگجار زۆری پێوە بوو کە دەوڵەمەندترین ئافرەتی سەر زەوی بوو لەو سەردەمەدا، ئەڵێن: یەکێک لە خشڵەکانی (جووتە) بووە کە لە مێژوودا ناودەبرێت، (عمری کوڕی عبدالعزیز) ئەو کاتە گەورەترین پاشای سەر زەوی بوو، بڕیاری دا بوو کە دەبێ خەرجیاتی ماڵەکەی لە چەند درهەمێک زیاتر نەبێت... فاطمة ی دەستگیرانیشی بەوە ڕازی بوو، ڕۆژانە چەند کولێرەیەکیان دەکڕی، بەڵێ، لە خۆشترین خواردن و نەرمترین جێگەو ناسکترین گوزەرانەوە دێتەوە بۆ ئەو ژیانە زبرو تەنگە کە بە ئارەزوو و قەناعەتی خۆی هەڵی بژاردووە... ئێستاش خاوەنی هەمان ماڵ و سامانە ئەگەر بیەوێت، ئەو پێی وایە زێڕو خشڵەکانی سەرو گەردنی بکاتە کولێرەو بەخۆڕایی دابەشی بکات بە سەر گەلێکی برسی و هەژاردا... چونکە ئەوەیان باشترە بۆ دنیاو دوارۆژی...!

ئەوەش تەنها ڕاوبۆچوونی (عمر) نەبوو.. بەڵکو ڕاوبۆچوونی (فاطمة)ش بوو، بگرە تەنها ڕاوبۆچوون نەبوو بەڵکو هەردوکیان خستیانە مەیدان و کارو بەجێهێنانەوە. لێهاتووانە هەموو خشڵەکانی لە خۆی کردەوەو خستیە بەردەست ئەمینداری (بیت المال).

ڕۆژگار هات و ڕۆیی خەلیفەی موسڵمانان (عمری کوڕی عبدالعزیز)ی هاوسەری کۆچی دوایی کرد..! ئەمینداری (بیت المال) خۆی هات بۆ لای (فاطمة)و پێی گوت:

-خشڵەکان هەروەکو خۆی ماوە لە (بیت المال)داو بۆم هەڵگرتبووی بۆ ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ، ئێستاش هاتووم کە ئیزنم بدەیت تا بۆت بگەڕێنمەوە!

+من ئەو خشڵانەم بە (بیت المال) بەخشیوە، بە ڕەزامەندی خۆم و (عمر)، لە کاتێکدا (عمر) ئیحتیاجی چەند درهەمێک بوو بۆ خۆی و مناڵەکانی!

## (٢) خەنسا

یەکێک بوو لە شاعیرە بەرزەکانی عەرەب، پێش موسڵمان بوونی دوو برای کوژران، دیوانە شیعرەکەی لاواندنەوەو هاندانی خزمەکانی باس دەکات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە مەیدانی جەنگدا، خەنسا موسڵمان بوو، بوو بە دایکی چوار

کوڕ: هانی ئەدان بۆ بەرگری لە ئیسلام، وتارو پەخشانەکانی هێندە بەهێز بوون مرۆڤی ترسنۆکی ئازا دەکرد، بەردی دەهێنایە جوولە، خۆی و چوار کوڕەکەی ئامادەی غەزای (قادسیە) بوون، شەو چوار کوڕەکانی داناو بە ئامۆژگاری‌یەوە پێ‌ی گوتن:

-رۆڵەکانم! ئێوە بە ئارەزووی خۆتان موسڵمان بوون، هەروەکو بە ئارەزووی خۆتان کۆچتان کرد، سوێند بە خوا... ئێوە کوڕی یەک پیاون... هەروەکو چۆن کوڕی یەک دایکن...، من خیانەتم لە باوکتان نەکردووەو ئابڕووی خاڵەکانتانم پاراستووە! بنەچەی ئێوەم پاراستووەو تیرەکانم نەگۆڕیوە...، ئێوە بڕواتان بەو پاداشتە زۆرە هەیە کە خوا دەیبەخشێ بە تێکۆشەرانی ڕێگای خوا.. بزانن ئەو دنیا نەبڕاوەیەو ژیانی ئەم جیهانە کۆتایی دێت، خوای گەورە دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا اصبروا و صابروا و رابطوا و اتقوا الله لعلكم تفلحون) (آل عمران/٢٠٠).

*واتە: باوەڕداران! ئارام بگرن، لە سەر ئەو ئەرکانەی دراوە بە سەرتاندا، دەبێ ئارام گر بن لە ئاستی ئەو ناڕەحەتیانەی دێتە ڕێتان، دەبێ ئارامگرتنتان زۆر زیاتر بێ لە هی بێ بڕواکان!*

ڕۆڵەکانم! تێبکۆشن لە پێناو ڕەزامەندی پەروەردگاردا، سنووری ئیسلام بپارێزن، خۆتان بپارێزن تاکو بگەن بە بەختەوەری هەتاهەتایی.

پاشان پێ‌ی گوتن:

ڕۆڵەکانم! بەیانی بڕۆن بۆ غەزا، بەرچاوتان ڕۆشن بێ، پشت بە خوا سەرکەوتوو دەبن، هەرکە غەزا دەستی پێ کرد خۆتان بخەنە ناو ئاگری شەڕەکەوەو هەوڵ بدەن سەرکردەی سوپای بێ بڕوایان بکوژن، ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دواڕۆژتان.

بەیانی ئاگری شەڕ هەڵگیرسا، کوڕەکانی بە هۆنراوە خوێندنەوەوە کەوتنە هێرش ئامۆژگاری‌یەکانی دایکیان بیری یەکتری دەهێنایەوە.

هەتا چوار کوڕەکەی شەهید کران.

کاتێ دەنگ و باسی شەهیدبوونیان گەیشتەوە بە دایکیان، گوتی: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە سەربەرزی کردم بە شەهیدبوونی کوڕەکانم، لە پێناو جێ بەجێ کردنی فرمانی خوادا، داواکارم لە پەروەردگار منیش لەگەڵ ئەواندا لە بەهەشتدا کۆبکاتەوە!

(ابوبكر)ی باوکی یەکەم کەس بوو کە موسڵمان بوو، بۆ پارێزگاری کردنی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) لە کاتی کۆچ کردندا، بەرنوێژی بۆ موسڵمانان دەکرد لە کاتی نەخۆش کەوتنی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم)، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) یەکەم کەس بوو کە کرا بە خەلیفەی موسڵمانان و جێگەداری پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم)، (ئەسما) خوشکی باوکی (عائشه)یە خێزانی (زوبێر) بوو، هەر بە منالی لەگەڵ عائشەدا موسڵمان بوون، پێش ئەوان تەنها (١٨) کەسی تر موسڵمان ببوون، ئەم کچە لەگەڵ گەورە بوونی تەمەنیدا ئیمانی بەهێزترو دامەزراوتر دەبوو، ئاییینەکەی خۆش دەویست، فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکرد.

جارێک دایکی بە دیارییەکەوە هات بۆ لای بۆ شت، کە ئەو کاتە دایکی بت پەرست بوو، دایکی زۆری لێ پاڕایەوە تا دەری نەکات، (ئەسما) هەستا چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوەو گوتی: دایکم هاتووە بۆ لام و داوای شتم لێ دەکات، ئایا شتی بدەمێ؟ لەو کاتەدا ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی (لا ینهاکم الله عن الذین لم یقاتلوکم فی الدین و لم یخرجوکم من دیارکم إن تبرواهم و تقسطوا الیهم إن الله یحب المقسطین) (الممتحنة/١٨).

*واتە: خوا ڕێگەی ئەوەتان لێ ناگرێت کە چاکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە لە سەر ئاییینەکەتان دەریان نەکردوون، خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە بە دادپەروەری دەجوڵێنەوە.*

ئەم ئایەتە وەڵامەکەی (ئەسما)ی ڕوون کردەوە، لەبەرئەوە پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) فەرمووی بە (ئەسما): بەڵێ، دروستە چاکەی لەگەڵدا بکەیت و شتیشی بدەیتێ.

کاتێک (ئەسما) شووی کرد بە (زوبێری کوڕی عەوام)، زوبێر زۆر دەست کورت و هەژار بوو، بەڵام (ئەسما) قەناعەتی بەو ژیانە هەبوو، چونکە دڵنیا بوو تەنها مرۆڤی باوەڕدار دەتوانێ بەختەوەری خۆی و خێزانی دابین بکات و ماڵ و سامان وەک سێبەر وایەو هەر ساتەی لە شوێنێک و لای کەسێکە!

(زوبێر) کۆچی کردو چوو بۆ حەبەشە لەگەڵ هەندێک لە یارانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه و سلم)، (ئەسما) بە تەنها مایەوە، ئەو کاتەش بێ بڕواکان ئەزیەت سزاو ئازاری موسڵمانەکانیان دەدا، پاش ماوەیەک (زوبێر) گەڕایەوە بۆئەوەی ئەم جارەیان لەگەڵ (ئەسما)ی هاوسەریدا کۆچ بکەن بۆ مەدینە.

کۆچیان کرد، (زوبێر) تەنها وشترێکی هەبوو کە ئاوی پێ دەهێنا. لەگەڵ (ئەسپ)ێکدا بۆ کاتی غەزا بەکاری دەهێنا، (ئەسما) نەیدەزانی هەویر بکات،

دراوسێکانی یارمەتیان دەدا، پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه و سلم) پارچەیەک زەوی پێ دابوون کە سێ فرسەخ لە ماڵەوەیان دوور بوو، ڕۆژانە کاریان لەو کێڵگەیەدا دەکرد، منداڵەکەشیان (عبدا لله) پەروەردە دەکرد.

ڕۆژێک (زوبێر) ناوکە خورمای بە کۆڵەوە بوو، لە ڕێگەدا تووشی پێغەمبەر هات، کە چەند پیاوێکی مەدینەیی لە خزمەتیدا بوون، کە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه و سلم) چاوی پێ ی کەوت، بینی کۆڵی پێ یە، بانگی کردن تا بێت سواری وشترەکەی خۆی بکات، بەڵام (ئەسما) شەرمی کرد.

(ئەسما) لە مەدینەداو لە خزمەتی پێغەمبەردا هەوڵی شارەزابوونی پەیامی ئیسلامی دەدا.

ابوبکری باوکی و عائشەی خوشکی زۆر بەخشندە بوون، هەرچی یەکی دەست بکەوتایە دەیبەخشی، ئەگەر بەندەی ببوایە ئازادی دەکرد.

سەردانی نەخۆشی دەکرد، یارمەتی دەدان، (زوبێر) ئەڵێ: لە (ئەسماو عائشە) بەخشندەترم نەدیوە، بەڵام جۆری سەخاوەتەکەیان جیاواز بوو، (عائشە) شتی کۆدەکردەوەو دوایی دەستی دەکرد بە بەخشینەوەی، بەڵام (ئەسما) یەکسەر دەیبەخشی و دوای نەدەخست بۆ سبەینێ، (ئەسما) لە کاتی کۆچ کردنی پێغەمبەردا (صلی اللّٰه علیه و سلم) دەوری چاکی بینی، هەروەکو مێژووی ئیسلام بە شانازیەوە باسی دەکات.

لە کاتێکدا کە ئازارو چەرمەسەری و ترس لە سەر موسڵمانەکان لەوپەڕدا بوو، موسڵمانەکان بە نهێنی یەک یەک و دوو دوو (مەکە)یان بەجێ هێشت.

کە بێ بڕواکان بەمەیان زانی کەوتنە ڕاوێژکردن بۆ دانانی پلانێک بۆ کوشتنی پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه و سلم)، ئیتر خوای گەورە فەرمانی کرد بە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه و سلم) بوی کۆچ کردن. بەسەرهاتەکەی بۆ (ابوبکر) باس کرد، ئەویش فەرمووی منیش هاوەڵت دەبم، پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه و سلم) فەرمووی: زۆر باشە!

(ابوبکر) دەستی کرد بە گریان، (عائشە) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: بە خوا تا ئەو کاتە نەمزانیوە جاری وا هەیە مرۆڤ لە خۆشیاندا دەگری.

ئەوە بوو پێکەوە چوونە ئەشکەوتی (ثور)ەوە.

پاش سێ ڕۆژ مانەوەیان لە ئەشکەوتەکە، کە هەموو ڕۆژێ (ئەسما) بەوپەڕی خۆپارێزی یەوە خواردنی بۆ دەبردن، ئەوان ڕۆیشتن و (ئەسما) گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، تازە گەیشتبووە ماڵەوە، کە درا لە دەرگا.

( ئەسما ) کردیەوە، بینی (ابوجهل)ە، ڕق و کینە لە ناوچاوانی دەبارێت، (ابوجهل) بە جنێوو توندوتیژی پرسیاری پێغەمبەرو باوکی لێ دەپرسی، (ئەسما )ش بە هێمنی وەڵامی دەدانەوە، لە وەڵامی پرسیارەکەیدا کە ئایا لە کوێن؟!

گوتی: نازانم ئێستە لە کوێن.

زۆر هەوڵی دا بە هەڕەشەو جوێن، بەڵام هیچ زانیاریەکی لەو بارەیەوە لە (ئەسما )وە دەست نەکەوت، پرسیارکردن درێژەی کێشا، کە زانی پرسیارکردن بێ هودەیە، زللەیەکی کێشا بە (ئەسما )دا گوارەکەی گوێی پەڕی و خوێنی لێ هات.

بەڵام هێشتا هەر هیچی دەرنەبڕی، دەرگاکەی داخستەوەو چوە ژوورەوە.

(ئەسما ) بەشداری غەزای یەرموکی کرد، لەگەڵ زوبێری هاوسەریدا، (ئەسما ) لەگەڵ ژنە موسڵمانەکاندا بوو، لە بەرەی دواوە فرمانی (خالد )ی سەرکردەیان بەجێ دەهێنا لە گێڕانەوەی ئەو پیاوانەی لە غەزا ڕایان دەکرد کە شەڕ گەرم بوو (ئەسما ) هەر پیاوێکی ببینیایە کە هەوڵی خۆدزینەوەی بدایە هانی دەداو دەیگەڕاندەوە... ئەو دەورە گرنگەی بینی لە بەرز کردنەوەی ورەی موسڵماناندا. تا دوژمنانیان شکاند!

هەروەها ئافرەتە بەشدارەکان دەچونە سەر خەندەکەکەو هەر کەسێک لە بێ بڕوایان بکەوتایە خەندەکەکەوە ئەوان ئەیانکوشت.

(ئەسما ) زگی پڕ بوو، کۆچیان کرد بۆ مەدینە، زۆری پێ نەچوو کە خوای گەورە کوڕێکی پێ دان، ناویان لێ نا (عبدا لله ) و بە یەکەم منداڵی موسڵمانەکان دادەنرێت لە (مەدینە )دا، بە دڵسۆزی دایکی بەخێوی کردو پەروەردەی کرد بوو بە پیاوێکی (وارع ) و خواپەرست.

## (٤) عائشە

یەکێکی ترە لە ئافرەتە موسڵمانەکان و چەندەها خەسڵەتی نایابی تێدا بوو، لەوانەش بەخشندەیی، پێشەوا (مالك ) (خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ڕۆژێکیان عائشە (خوای لێ ڕازی بێت ) بەڕۆژوو بوو، هەژارێک هات و داوای یارمەتی لێ کرد. ئەویش تەنها کولێرەیەکی شک دەبرد، کەنیزەکەکەی نارد کە ئەو کولێرەیەی بۆ بهێنێت، بەڵام کەنیزەکەکە گوتی: ئاخر تەنها ئەو کولێرەیەمان هەیە، ئەی بەچی بەربانگ بکەین؟! فەرموی: بچۆ بیدەرێ، بۆی هێنا..!.

( موعاویەی کوڕی ابو سفیان ) ( خوای لێ ڕازی بێت ) هەشتا هەزار درهەمی نارد بۆ عائشە لەو کاتەشدا عائشە بەڕۆژوو بوو، بەرگەکانیشی کۆن و دڕاو بوو، کە پارەکەی پێ گەیشت دەستی کرد بە بەخشینەوەی بە سەر هەژاراندا...
تەنانەت هیچی بۆ خۆیان نەهێشتەوە کە گۆشتی پێ بکڕن بۆ بەربانگ لە کاتێکدا گۆشت هەرزانترین خۆراکی ئەو سەردەمە بوو.
کەنیزەکەکەی پێی گوت: ئەی دایکی موسڵمانان خۆ توی هیچت بۆ بەربانگی خۆمان نەهێشتەوە، ئەویش گوتی:
+ئەگەر بیرت بخستمایەوە لەو کاتەدا شتێکم دائەنا،..!!
دیارە لە تاو خەڵکی خۆی لە بیر چوەتەوە..!

## (٥) نوسەیبەی کچی کەعبی مازن

ئەم ئافرەتە بەشداری غەزای ( ئوحود )ی کرد، کە موسڵمانەکان پەرش و بڵاوببونەوەو زۆربەیان ڕایان کرد، ئەم ئافرەتە یەکێک بوو لەو چەند ئافرەتانەی لە دەروبەری پێغەمبەر مابوونەوە (صلی الله علیه و سلم) بۆ پارێزگاری کردنی. هێرشیان ئەبردە سەر بێ بڕواکان تا فریا نەکەون پەلاماری موسڵمانان بدەن. داستانێکی دلێرانەیان تۆمار کرد. هەر خۆی چەند شمشێرێکی دا لە ( عومەری کوڕی قەمیئە ) بەڵام نەیتوانی هیچ زیانێکی پێ بگەیەنێت چونکە دوو کراسی زرێینی لەبەردابوو، هەر کە سەرەی عومەر هات شمشێرێکی دا لە سەر شانی نوسەیبەو زامداری کرد.

# سەرچاوەکانی هێز بۆ باوەڕدارەکان

### یەکەم: بڕواهێنان بە خوای گەورە

باوەڕدار زۆر بەهێزە چونکە سەرچاوەی هێزەکەی زۆر گەورەو بەردەوامە، باوەڕدار هێز لە خواوە وەردەگرێت، ئەو خوایەی کە ئەم کردویەتی بە پاڵپشتی خۆی و پەروەردگارەکەیشی بڕیاری پشتیوانی بەردەوامی پێ داوە لە هەر شوێنێک بێت. چونکە خوای گەورە خۆی دەفەرموێت: (ومن یتوکل علی الله فهو حسبه) (الأنفال/٤٩) پشت بە خوا بەستن یەکێکە لە بەرهەمەکانی باوەڕ، پێغەمبەران (علیهم السلام) بە هۆی ئەوەوە توانیویانە پەیامەکانیان بگەیەنن، خۆئەگەر دوژمن و ناحەزان ڕێگریان کرد بن ئەوان بە یارمەتی ئەو خوایە سەرکەوتوون بە سەریاندا.. پشت بەستن بە خوا قەڵایەکی پتەوی موسڵمانانە.

## دووەم: بڕوا بوون بە هەق

باوەڕدار ئیمانی دامەزراوە لە سەر هەق، بۆ ئەو کاردەکات هێزی خۆی لەو هەقەوە وەردەگرێت، باوەڕدار بۆ حەزو ئارەزووەکانی خۆی کارناکات بەڵکو لەبەر خاتری بەدیهێنەری هەق بۆ گەیاندنی هەق کاردەکات. ئەو هەقەی کە زەوی و ئاسمانەکانی لە سەر بەندە..!

هەر ئەو هەقە شایستەی سەرکەوتنە، ناوبەناوێك کە هەق ژێر دەکەوێت ئەوەیان تاوانی خەڵکەکەیە یان بۆ تاقی کردنەوەیانە، باوەڕدار بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە گوێ نەداتێ تا گورگ بیخوات، بەڵکو باوەڕدار خەلیفەی خوایە لە سەر زەویدا، گەرچی سەرجەم کارایانی ناهەق یەك بگرن ناتوانن لەناوی بەرن. سەرکەوتن بەشی باوەڕدارانە جا لەم دنیادا بێ یان دنیای ئاینده..؟!

## سێهەم: بڕوا بە هەتاهەتایی ڕۆژی دوایی:

کە دەڵێین: بڕوادار بەهێزە، گرنگی‌یەکەی لەوەدایە کە بڕوای بە خاوەنی ڕۆژی دوایی هەیە، باوەڕدار لە مانای ڕاستەقینەی ژیان تێ دەگات و ژیان لای ئەو تەنها ئەو چوار پێنج ڕۆژەی دنیا نییە، بەڵکو لە (نەبوو) دروست کراوە بۆئەوەی بە (هەبوو)ی هەتاهەتایی بژیەت...!

باوەڕدار پێ‌ی وایە مردن گواستنەوەیەکە لە ژیانی دنیاوە بۆ ژیانی قیامەت

شاعیرێك دەڵێت:

وما الموت إلا رحلة غير أنها　　　من المنزل الفاني الى المنزل الباقي

بوونی ئەم بڕوایە یارانی پێغەمبەری (صلى الله عليه و سلم) لە سەر گۆش کرا، هاوەڵی باوەڕداری وا هەبوو کە لە یەکەم شەوی هاوسەری‌دا کەژاوەی بەجێ دەهێشت.. دەچوو بۆ غەزا، شەهید دەکراو نەئەگەڕایەوە، ئیتر هەتا بەهەشت خێزانەکەی خۆی نەدەبینی‌یەوە!

## چوارەم: بڕوا بە قەدەر:

بڕوادار دڵنیایە کە هەموو کاروبارەکانی گەردون بە پێ‌ی (ارادە)ی پەروەردگار داڕێژراوە، ئەو شتانەی دێنە بازنەی ژیانی مرۆڤەوە لە خۆشی و ناخۆشی هەمووی لای خوای گەورەوە دیاری‌کراوە، ئەگەر شتێك بەشی مرۆڤێك

بێت خۆشی بێت یان ناخۆشی هیچ ڕێگرێک نیە نەهێڵێت پێی بگات، یان هەر شتێک بەشی مرۆڤێک نەبێت هیچ هۆکارێک نیە پێی بگەیەنێت..!

خوای گەورە بە پێغەمبەر دەفەرموێت: **(قل لن يصيبنا إلا ما كتب الله لنا، هو مولنا و على الله فليتوكل المؤمنون)** (التوبة/٥١).

*واتە: بڵێ هیچ شتێکمان تووش نابێت مەگەر ئەوەی کە خوا نوسیویەتی لەسەرمان، خوا یارمەتی دەرمانەو دەبێ تەنها پشت بەو ببەستین.*

ئیماندار کاتێ دڵنیایە ڕزق و ڕۆزی بۆ هەموو گیانلەبەرێک دیاریکراوە، کاتی مەرگی هەمووشیان دیاریکراوە، ناتوانێت ڕزق کەم و زۆر بکات... تەمەن کورت و درێژ بکات، ئیتر دەبێتە خاوەنی ورەو هێزێکی مەعنەوی ئەوتۆ کە جگە لە خوا لە کەسی تر نەترسێت.

بۆ نموونە: کاتێ باوەڕداران ماڵ و منال و خێزانیان بەجێ دەهێشتڕ و دەچوون بۆ غەزا، دووڕووەکان دەچوونە سەر ڕێگەیان و پێیان دەگوتن، فلانە کەس! باشە ئێوە ئەگەر کوژران کێ منالەکانتان بەخێو دەکات؟!

ئەوانیش دەیانگوت: ئێمە لە سەرمانە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەین خوای گەورە خۆی بەخێویان دەکات و بەڵێنەکانی ڕاستە، ئینجا دەچوونە لای خێزانەکانیان و دەیانترسلندن، پێیان دەگوتن: ئەگەر پیاوەکانتان بچێت بۆ جەنگ ئەی کێ بژێویتان بۆ پەیدا دەکات؟!

ئەوانیش دەیانگوت:

ئێمە لەسەرمانە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بکەین خوای گەورە خۆی بەخێویان دەکات و بەڵێنەکانی ڕاستە، ئینجا دەچوونە لای خێزانەکانیان و دەیانترساندن، پێیان دەگوتن، ئەگەر پیاوەکانتان بچێت بۆ جەنگ ئەی کێ بژێویتان بۆ پەیدا دەکات؟!

+ئێمە پیاوەکانی خۆمان بە نان خۆر ناسیوە، نەک بە ڕۆزیدەر، نان خۆرەکان دەڕۆن و ڕۆزیدەر (ا لله) دەمێنێتەوە..!

بڕوابوون بە (قەدەر) چارەسەری هەزاران کێشەو گومان و دەردی دەروونی دەکات.

## پێنجەم: بڕوابوون بە برایەتی

باوەڕدار خۆی بە تاکێک ئەزانێ لە خێزانێکدا کە ئەندامانی ئەو خێزانە لە سەر برایەتی و ئیمان کۆبونەتەوە، بڕوادار بە چاوی خوشک و برا دەڕوانێتە تاکەکانی کۆمەڵەکەی ئەوانیش بە هەمان چاوەوە بۆی دەڕوانن، موسڵمان ئەگەر

براکەی دیار بوو یارمەتی دەدات، ئەگەر دیار نەبوو هەواڵی دەپرسێت، پاریزگاری ماڵ و منالی ئەکەن، کە کەوت دەستی ئەگرن، کە لاواز بوو پشتی دەگرن و بۆی دەبن بە هێز، بە کۆمەڵ دەژین.

دەگێڕنەوە: سوپایەکی موسلمانان خەریکی غەزاکردن بوون، لە نێوان ئەوان و دوژمنەکانیاندا دەریایەک هەبوو، لە ناکاو هەموو موسلمانەکان خۆیان کرد بە ناو دەریاکەدا، کافرەکان زۆر ترسان، پاش تۆزێک هەموویان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، بێ بڕواکان گەڕان تا هۆی ئەو کارە بزانن، بۆیان دەرکەوت کە یەکێک لە بڕوادارەکان قاپەکەی کەوتوەتە دەریاکەوە، ئیتر بە هەموویان بۆی گەڕان هەتاکو دۆزیانەوە، بێ بڕواکان ورەیان نەما، گوتیان:

-ئەمە بۆ قاپی یەکێکیان هەموویان خۆیان فڕێ دایە دەریاکەوە، ئاخۆ ئەگەر کەسێکیان لێ بکوژین، چی بکەن؟!

ئیتر ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی کە سوپای بێ بڕواکان متمانەیان بە خۆیان نەمێنێ و بشکێن و خۆیان بدەن بە دەستەوە..!

## مەبەست لە ئیمان

ئیمان ڕووکارو ناوەڕۆکە، ئیمان هەر ئەوە نیە بە زمان دانی پیا بنێیت کە بڕواداریت، چونکە زۆر لە دووڕووەکان بە زمان بڕوایان دەهێنا بەڵام لە دڵیانەوە نەبوو (ومن الناس من يقول آمنا با لله و باليوم الآخر وما هم بمؤمنين) (البقرة/٨).

*واتە: هەندێ کەس دەڵێن بڕوامان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام تەنها بە زبانە، ئیمان ئەوەش نیە کە کەسێک تەنها وەکو خویەک دروشمە ئایینیەکان بەجێ بهێنێ و هیچی تر..!*

دووڕووەکان بە ڕووکار خۆیان بە خواپەرست و چاکەکار نیشان دەدا، بەڵام دڵیان بەتاڵ بوو لە خێرو چاکەو دڵسۆزی بۆ خوا، ئیمان تەنها ناسینێکی دەروونیش نیە، زۆر کەس هەبووە کە خوایان ناسیوە بەڵام بڕوایان پێ نەهێناوە یان خواناس بوون بەڵام خواپەرست نەبوون. (وجحدوا بها و استيقنتها انفسهم ظلماً و علواً) (النمل/١٤).

*واتە: نکوڵی‌یان دەکرد لەو ڕاستی‌یەو یەقینیشیان پێی هەبوو، ئەو نکوڵی کردنەیان لە ڕووی نارەزایی و خۆبەزل زانینیانەوە بوو.*

ئیمانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە خوای گەورە لە بارەیەوە دەفەرموێت: (إنما المؤمنون الذين آمنوا با الله و رسوله ثم لم يرتابوا و جاهدوا بأموالهم و أنفسهم في سبيل الله أولئك هم الصادقون) (الحجرات/١٥).

*واتە: باوەڕداران ئەوانەن باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکانی هێناوەو ئیتر دوودڵییان نەماوەو تێ دەکۆشن لە ڕێگەی خوادا، بە ڕاستی ئەوانە ڕاست و ڕاستگۆن).*

## باوەڕ بە خواو ڕۆژی دوایی

بڕوا بە خواو ڕۆژی دوایی دڵی باوەڕدار زیندوو و ڕووناک دەکاتەوە، خاوەن ئیمان دڵنیایە کە خوای لەگەڵ دایە لە هەموو کات و شوێنێکدا، لە ماڵ و لە دەر، لە ئاوەدانی و چۆڵەوانیدا، ئاشکراو پەنهان لای خوا ڕوون و دیارە. (واسروا قولكم أو اجهروا به إنه عليم بذات الصدور) (الملك/١٣).

*واتە: قسەیەک بە دەنگی نزم یان بەرز بیکەن یان بە دڵتاندا بێت، خوای گەورە لێی ئاگادارە... ئەو ڕازو نهێنی‌یەکانی دڵتان دەزانێت..!*

خاوەن بڕوا دڵنیایە کە ڕۆژی پرسینەوە هەیە لە هەموو گفتارو کردارێکی بە چاک و خراپەوە. چونکە خوای گەورە هەموویانی بۆ تۆمار دەکات... باوەڕدار دڵنیایە کە ئەو تۆمار کردنە پشت گوێ ناخرێت..، لەو ڕۆژەدا خوای گەورە بە پێی ئەو (سجلانە) مامەڵە لەگەڵ بەندەکانی‌دا دەکات.

خاوەن ئیمان لە سەر ئەم ڕاستیانە بەردەوامەو شەووڕۆژ بەو پێیە دەکاتەوە، خوا بە چاودێری خۆی ئەزانێ، بیر لە ئاییندەی خۆی دەکاتەوە، ستەم ناکات، دەست پاک و زمان پاکە، مافەکانی سەرشانی دەداتەوە، داگیرکەر

نیه. ئەمڕۆ کارێک ناکات سبەینێ لێی پەشیمان بێتەوە. بە نهێنی کارێک ناکات کە ئەگەر بە ئاشکرا بیکات شەرمەزار بێت.

(محمدی کوڕی ترمذی) (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی:

-با چاودێرەکەت کەسێک بێت کە هەرگیز تۆی لێ ون نابێت.

-با سوپاست بۆ کەسێک بێت کە نیعمەتەکانیت بۆ نازمێرێت.

-با گوێڕایەڵیت بۆ کەسێک بێت کە هەمیشە پێویستیت پێی هەیە.

-با گوێڕایەڵیت بۆ کەسێک بێت کە لە ژێر دەسەڵاتی دەرناچیت.

## کاریگەرو شوێنەواری باوەڕ لە کاتی فەرمانڕەواییدا

باوەڕ وامان لێ دەکات هەموو شێوازێکی پەسەندو هۆکارێکی حەڵاڵ بگرینە بەر بۆ هێنانە سەر کاری حوکم و دەسەڵاتی ئیسلام و پاشانیش هەموو هەوڵ و تەقەلایەک بدەین بۆ بەردەوامی ئەو حوکمە تا هەمیشە دادوەرانە کار بکات و لە چوارچێوەی ڕاوێژ دەرنەچێت و کەس ئەرکەکانی سەر شانی فەرامۆش نەکات و مافی هیچ گیاندارو بێ گیانێکیش نەفەوتێ. چ جای مرۆڤ.

بە درێژایی مێژووی ئیسلام چەندین دادوەرو سەرکردەو پێشەوا بێ گەیشتوون و دادوەرانە کاروباری وڵاتیان بەڕێوەبردوە. نموونەیەکیش لەوانە پێشەوا (عمری کوڕی خطاب)ە خوای لێ ڕازی بێت:

جارێکیان (عمر) خوای لێ ڕازی بێت کچێکی مناڵی بینی کە لە برسانا لارەلاری بوو. فەرمووی ئەمە کچی کێیە؟!

عبدا للە ی کوڕی گوتی: بابە گیان! ئەوە کچی منە..!

(عمر) ؟ خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی: بۆچی وا ئەکات؟!

(عبدا للە) خوای لێ ڕازی بێت گوتی: بابە گیان! ئەوەی لە ژێر دەستی تۆ دایە لێت گرتوویینەتەوە. تا توشی ئەو حاڵە بوین کە دەمانبینی!

(عمر) خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی:

[عبدا للە!.. لە نێوان من و ئێوەدا قورئان هەیە. بە خوا جگە لەوەی کە خوا بۆی دیاری کردون هیچی ترتان نادەمێ. ئایا دەتانەوێ شتێکتان پێ ببەخشم کە مافی ئێوە نیەو منیش ببمە خیانەتکار؟!]

( عبدا للە ) خوای لێ ڕازی بێت گوتی: نەخێر... بابە گیان!

ئەو بڕوا بەهێزە وای لێ کرد بوو کە جیاوازی نەکات لە نێوان کوڕەزاکانی خۆی و خەڵکی تردا.. بڕوای بەوە هەیە کە پەروەردگار ئاگای لە هەموو شتێکە.

لە ساڵی ( الرمادة ) گرانیەکی گەورە داکەوت، خەڵکی زۆر برسی بوون، تەنها (نان و زەیت ) دەست دەکەوت بۆ خەڵکی هەژار، لەو ساڵەدا (عمر) خوای لێ ڕازی بێت تەنها نان و زەیتی دەخوارد!

هاوەڵێکی پێغەمبەر (صلی اللە علیە و سلم) کاتێ بینی لە ئەنجامی خواردنی زەیت پێستی ڕەش داگیرساوە پێی گوت: بە تەواوەتی ڕەنگت ڕەش هەڵگیرساوە.. فەوتاویت...!! بۆچی شتی تر ناخۆیت؟!

فەرمووی: [خراپترین فەرمانڕەوایی‌یە ئەگەر من تێر بم و خەڵکیش برسی بێت]

لە سەردەمی شەڕی شیرو تیرو نێزەدا جۆرە کراسێکی زیوین هەبوو بۆ پاراستنی سینگ و بەرۆکی جەنگاوەران. پێشەوا (علی کوڕی ابی طالب) خوای لێ ڕازی بێت یەکێک لەو کراسانەی هەبوو، ڕۆژێکیان کراسەکەی لێ ون ببوو، جولەکەیەک کە دەیزانی کراسی (عەلی )یە هەڵی گرتبووەوە بۆ خۆی.

( عەلی ) خوای لێ ڕازی بێت کراسەکەی بە دەستی جولەکەکەوەناسیەوەو پێی گوت: ئەم کراسە هی منە! جولەکەکە نەیدایەوەو داوای کرد مەسەلەی ئەم کراسەی ( عەلی ) خوای لێ ڕازی بێت بگاتە لای قاضی شەرعی کە موسڵمان بوو.

مەسەلەکە گەیەنرایە لای قاضی و هەردولایان ئامادەی دادگا بوون.

( عەلی ) خوای لێ ڕازی بێت بە قازی گوت:

-ئەم کراسە هی منە، منیش نە فرۆشتومەو نە بەخشیومە.

قازی ڕوی کردە جولەکەکەو گوتی:

-*ئەی تۆ چی دەڵێی دەربارەی ئەو قسەیەی (أمیر المؤمنین)؟*

جولەکەکە گوتی:

-*کراسەکە کراسی منە، بەلام (أمیر المؤمنین)یش درۆ ناکات!*

-قازی ڕووی کردەوە بە لای ( عەلی )داو پێی گوت:

-*ئەی ئەمیری موسڵمانان شایەتیت هەیە کە ئەو کراسە هی تۆیە؟!*

( عەلی ) فەرموی: *ئافەرین قازی پێکات! نەخێر شایەتم نیە!*

ئیتر قازی کراسەکەی دا بە جولەکەکە!

جولەکەکەش کراسەکەی وەرگرت و چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و گەڕایەوە دواوەو گوتی:

*-من شاهیدی دەدەم کە ئەم حوکمە حوکمی پێغەمبەرانە، میری موسڵمانان خۆی قازیەکەی داناوە، بەڵام ناتوانێت لابدات. بە ڕاستی ئەمە حوکمێکی دادوەرانەیە... من شایەتی دەدەم کە دادوەرن وە شایەتیش دەدەم کە خوا تاک و تەنهایەو محمد پێغەمبەری خوایە. [أشهد أن لا إله إلا الله و أشهد أنّ محمداً رسول الله]، ئیتر موسڵمان بوو.*

هەروەها بە (عەلی) گوت:

*-منیش دڵنیام کە ئەم کراسلە هی تۆیەو فەرموو ماڵی خۆت بۆ خۆت.*

(عەلی) خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی:

*-لە مژدەی موسڵمان بوونتدا ئەوا وەک خەڵاتێک بەخشیم بە تۆ، پیرۆزت بێت.*

خۆ قازی دڵنیا بوو کە کراسی (عەلی)یەو هەرگیز میری موسڵمانان درۆ ناکات... بەڵام لە ئاستی یاسای خواییدا گاورو جولەکەو میری موسڵمانان و پاشاو گەدا یەکسانن.

(مالک)ی کوڕی (دینار) دەڵێت: خەڵکی بە من دەڵێن (زاهد)ە، بەڵام (زاهد) عمری کوڕی عبدالعزیزە، کە میری وڵات بوو، هەموو شتێک لەبەر دەستی خۆیدا بوو کەچی تەنها یەک کراسی هەبوو، ئەگەر بیشۆردایە ئەبوایە لە ماڵەوە چاوەڕوان بوایە تا وشک دەبوەوە.

ڕۆژێکیان (عمری کوڕی عبدالعزیز) زۆر حەزی لە ترێ بوو، داوای کرد لە خێزانەکەی تا درهەمێکی بە قەرز بداتێ، خێزانەکەی پێی نەبوو. پێی گوت: تۆ میری هەموانی کەچی خاوەنی درهەمێک نیت! (عمر)یش خوای لێ ڕازی بێت فەرمووی:

-ئەمەیان ئاسانترە تا زنجیر کردنم لە ناو ئاگری دۆزەخدا.

عمری کوڕی عبدالعزیز گەرچی ماوەی خەلافەتی کەم بوو، بەڵام توانی هەرچی مافە زەوت کراوەکانی سەردەمی خەلیفە ئەمەویەکان هەبوو بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

چادرێکی هەبوو، هەموو ڕۆژێ بانگی دەکرد:

-قەرزارەکان لە کوێن با بێن قەرزەکانیان بۆ بدەینەوە..!؟

-کوا مناڵانی بێ باوک با بێن لە سەر حیسابی (بیت المال) بەخێویان بکەین..؟

-کوا هەژارەکان... با بێن ماڵ و سامانیان پێ ببەخشین؟!

تەنانەت لە سەر حیسابی (بیت المال) ژیانی هاوسەری بۆ سەرجەم کوڕان و کچانی پێگەیشتوو دابین کرد!

بەڵێ کار گەیشتە ئەو ڕادەیە.. هەژار نەما، کەس نەما زەکات وەربگرێت، فەرمانبەرەکانی خەزێنە گوتیان:

-ئەی میری موسڵمانان زەکاتێکی زۆر لە خەزێنەی (بیت المال) دایەو کەس وەری ناگرێت چی لێ بکەین؟!

ئەویش فەرموی: لە ژیانی هاوسەریدا خەرجی بکەن بۆ کوڕان و کچانی پێگەیشتوو. پاشان هەواڵیان پێ گەیاند کە ئەوەش تەواو بوو، هێشتا پارەیەکی زۆر ماوە چی لێ بکەین؟

فەرموی: خەرجی بکەن لە دروست کردنی پردو خەستەخانەو مزگەوت و ڕێگەوبان و قوتابخانە..!

## بڕواو چارەسەرکردنی دەردەکانی کۆمەڵ

بێگومان دروست کردنی قوتابخانەو پردو ڕێگەوبان تا ڕادەیەک ئاسانە، بەڵام دروست کردنی مرۆڤ زەحمەت و گرانە، مرۆڤ دەسەڵاتی بە سەر ئارەزووەکانی دا زاڵ بکات، ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ، مافەکانی بدات، هەق بناسێ و بڕوای پێ بکات و بەرگری لێ بکات، چاکە بزانێ و بۆ خەڵکیش وەکو بۆ خۆی پێ خۆش بێت، فەرمان بە چاکە بکات و بەری خراپە بگرێت، قوربانی بدات بە سەرو گیان لە پێناو سەرکەوتنی هەقدا.

ئەمانەو چەندەها خەسڵەتی تری چاک و بەرز. بێگومان پێگەیاندنی مرۆڤی ئاواهی زەحمەت و سەختە، بەڵام تەنها بڕوا بە خوا مرۆڤی بەو چەشنە دروست دەکات.

لەوانەیە تۆ خۆت کەسێک بناسی لە سەردەمی بێ باوەڕی و باوەڕداریشی دا کاتێک بەراوردی ئێستای ئەو کەسە لەگەڵ ڕابردوودا دەکەیت وەکو دوو کەسی زۆر جیاواز دێنە بەرچاوت.

سەرنج بدە لە چیرۆکی جادوگەرەکانی (فرعون) کە خوای گەورە دەفەرموێت:

(فألقى موسى عصاه..... ان كنا أول المؤمنين) (الشعراء)

تەماشا بكە... بە چ گۆڕانێكی سەرتاسەری گۆڕان، پێش باوەڕ هێنانیان ئامانج و مەبەستیان دەستكەوتنی ماڵ و سامان بوو، ئەویش بەسترا بوو بە (فرعون)ەوە، بۆیە پێیان دەگوت: (أئنَّ لنا لأجراً) واتا: *ئایا ئێمە پاداشتمان دەست دەكەوێت؟! كرێمان دەدەنێ ئەگەر سەربكەوین بە سەر شوێنكەوتوانی (موسی)دا...؟!* ئینجا بە ناوی (فرعون)ەوە دەستیان پێ دەكردو دەیانگوت: (بعزةِ فرعون إنا لنحن الغالبون)

*واتە: بە عزەتی (فرعون) ئێمە سەركەوتوو دەبین!*

ئەمانە بڕوای پێش موسڵمان بوونیان بوو.

بەڵام كاتێ باوەڕیان هێنا گۆڕان...، تەنانەت (فرعون) هەڕەشەی لێ كردن بەڵام ئەوان لە وەڵامی (فرعون)دا گوتیان:

[لن نؤثرك على ما جاءنا من البينات]

پێش باوەڕهێنانیان مەبەستیان دنیا بوو، بەڵام ئێستا دەڵێن، ئێمە بڕوامان بە خوا هەیەو داوای لێ خۆش بوونی لێ دەكەین [ليغفر لنا خطايانا] جاران سوێندیان بە (عزةِ)ی فرعون دەخوارد بەڵام ئێستا دەڵێن: [والذي فطرنا] واتە سوێند بەوەی دروستی كردووین.

ئاڕاستەی بیرو بۆچوونیان گۆڕا... قسەیان گۆڕا... ڕەوشتیان گۆڕا...

پێشەوا (مسلم) خوای لێ ڕازی بێت چیرۆكێكی كورت دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پیاوێك بوو بە میوانی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) مەڕێكیان بۆ دۆشی و شیرەكەی خوارد، تێر نەبوو، مەڕێكی تریان بۆ دۆشی، شیرەكەی خوارد، دیسان مەڕی سێهەمیان دۆشی... بەم جۆرە تا حەوت مەڕیان بۆ دۆشی ئینجا تێری خوارد، لە ئەنجامی هاوڕێیان بونی شەوێك لەگەڵ پێغەمبەردا (صلى الله عليه و سلم) موسڵمان بوو، بەیانی تەنها بە شیری یەك مەڕ تێری خوارد، پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) لێرەدا فەرمووی:

[موسڵمان بە یەك ڕیخۆڵەو یەك گەدە دەخوات، بەڵام بێ بڕوا بە حەوت ڕیخۆڵەو حەوت گەدە دەخوات]

تەنها لە ماوەی شەوو ڕۆژێكدا شێوازو بڕی خواردنەكەیشی گۆڕا، چ جای باوەڕو ئاكارو بۆچوونیشی، ئیتر هەڵپەكردنی بۆ خواردن بوو بە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەختیاری و كامەرانی.

# باوەڕ سەرچاوەی بەختەوەرییە

مرۆڤ ناگات بە بەختەوەری و کامەرانی تا ئەو مرۆڤە دڵ ئارام و ئاسودە نەبێت، مرۆڤیش ناتوانێ ئاسودە بێت تا باوەڕ لە دڵیدا جێ گیر نەبێت و لە دڵەڕاوکێی ڕزگاری نەبێت، هەر بۆیە ئەوانەی توشی ترس و دڵەڕاوکێ یی دەبن زوربەیان بێ باوەڕن یان باوەڕ لاوازن، چونکە مرۆڤی باوەڕ دانەمەزراو نازانێت بۆچی بەدیهێنراوەو ئامانجی ژیانی چی‌یە؟!

دڵ ئارامی و ئاسوودەیی یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئیمان، ئاسوودەیی شنەبایەکە بۆ سەر دڵی باوەڕداران، دەرگایەکە خوا دەیکاتەوە بە ڕویانداو کەمێک لە بۆنی بەهەشت بە سەریاندا دێت و هەندێکی کەم لە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەدی‌دەکەن لە بەهەشتدا.

هەندێ کەس وا هەست دەکەن بەختەوەری پەیوەندی تەواوی هەیە بە دەوڵەمەندی‌یەوە چونکە بە بۆچوونی ئەوانە دابین کردنی پێویستی‌یەکانی ژیان مانای بەختەوەری دەگەیەنێت و ئەو دابین کردنەش بە پول و پارە دەستەبەر دەکرێت هەڵبەت ئەو جۆرە کەسانە بیریان نەچووە بە لای لایەنی دەروونی و ڕۆحی مرۆڤدا.

بەڵام کاتێ دەگەنە ئەو سامان و ماڵە هەست بە بێزاری دەکەن و دڵنیا دەبن لەوەی کە پارەداری هەموو شتێ نیەو ئاسودەیی و قەناعەت و باوەڕداری دەتوانێت بەختەوەری بۆ مرۆڤ دابین بکات، خۆ ئەگەر لە پاڵ ئەوانەشدا ساماندارو دەوڵەمەندیش بێ ئەوا زۆر باشە.

گۆڤاری ڕوزل یوسف باسێکی بە ناونیشانی (دانیشتوانی بەهەشت بەختەوەر نین) بڵاو کردوەتەوە، کە تیای‌دا دەڵێت:

گۆڤارەکە مەبەستی لە دانیشتوانی (سوێد)ە، [کە ژیانی ئابوریان وەکو خەیاڵ وایە چونکە ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە هەژاری‌یە، بێ کاریان نیە، میری (ضمان)ی هەموو شتێکی بۆ کردون و لە هەر کاتێکدا پێویستی‌یان بە پارە هەبێ دەوڵەت مشوریان دەخوات. دەستکەوتی جارانی هەر هاوولاتیەکی سویدی لە مانگێکدا (٤٣) جونەیهی میسری‌یە. هەموو هاوولاتیەک موچەخۆرە، لە کاتی نەخۆشی‌دا کۆمەک وەردەگرێت، پارەی خانووی پێ دەدرێت، تەنانەت بۆ هەر منداڵێکی تەمەن (١٦) ساڵ بەرانبەر (٤٠) جونویهی میسری پێ دەدرێت خوێندن و خەرجیاتی خوێندن بە خۆڕایی‌یە] بەم پێیە ئەبوایە هیچ دڵتەنگی و

ناخۆشی‌یەکیان نەبوایە، کەچی ترس و دڵەاوکێ و شکات کاری هەراسان و بێزاری کردون، زوربەیان هەوڵ دەدەن ڕابکەن لەم ژیانە، تەنانەت سەدەها کەس پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن...!! نوسەری باسەکە هۆی ئەم بارە نالەبارە دەگەڕێنێتەوە بۆ یەک شت ئەویش نەبوونی ئیمانە لە دڵی هاووڵاتیەکاندا.

وەک بونی ماڵ نابێتە هۆی سەرەکی دابین کردنی بەختەوەری زوربەی کات بە پێچەوانەیشەوە سەروەت و سامانە کە دەبێتە مایەی دڵتەنگی و ناڕەحەتی و ئاژاوە. بە چاوی خۆمان دەبینین ئەو کەسانەی تەنها ماڵ و سامانیان مەبەستە بەختەوەر نین و هەمیشە پەرێشانن چونکە بە کەم ڕازی نابن و نایشگەن بەو سامانەی دەیانەوێت، کەواتە بەختەوەری لە ماڵدا نیە.

تۆ بڵێی بەختەوەری لە مناڵ دا نەبێت؟!

مناڵ گوڵی ژیانە، زینەتی دنیایە، بەڵام هەندێ مناڵ دەبنە مایەی شەڕو نەگبەتی بۆ دایک و باوکیان و کەس و کاریان. ئەو منالانە پاداشتی دایک و باوکیان بە خراپ دەدەنەوە، ئازاریان دەدەن.

شاعیرێک لە هۆنراوەیەکدا کە ئەمە ماناکەیەتی دەڵێت:

بەختەوەری بە هۆی زۆری ماڵ و منالەوە نیە، هەروەها بە هۆی کاری گەورەو پلەوپایەی بەرزەوە نیە، دەسەلاتدارەکانیش لە هەموو کەس زیاتر لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژین.

بەختەوەری مەعنەوی‌یە، بە چاو نابینرێ، دامەزراندنی دڵە، خەوانەوەی ویژدانە، حالەتێکی دەرونی‌یە، لە ناخی مرۆڤ دایە نەک ڕوالەت. ئەگێڕنەوە پیاوێک و هاوسەرەکەی هەرایان دەبێت، پیاوەکە بە تورەیی‌یەوە بە هاوسەرەکەی گوت: لەمەولا ناهێڵم بەختەوەر بیت!!

هاوسەرەکەی گوتی:ناتوانیت!

پیاوەکە گوتی: چۆن؟!

هاوسەرەکەی گوتی: ئەگەر بەختەوەری موچە بوایە ئەتبڕی، ئەگەر خشڵ و ماڵ بوایە دەستت بەسەردا ئەگرت، بەڵام بەختەوەری شتێکی ترە نە هی منەو نە هی تۆیە.

پیاوەکە تورە بوو گوتی: ئەوە چی‌یە؟!

هاوسەرەکەی گوتی: من بەختەوەری‌یەکەم لە باوەڕم دایە، باوەڕم لە دڵم دایە، دڵیش جگە لە خوا کەس دەسەلاتی بە سەردا نیە.

بەڵێ، ئەوەیە بەختەوەری ڕاستەقینە، مرۆڤ خاوەنی نیە، تاکو لێی ببەخشێ و لێی کەم و زیاد بکات، ئەگەر خوا بیبەخشێ بە کەسێ کەسی تر

ناتوانێ لێی بسەنێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە پێویستە لە سەر موسڵمان کاسبی و کاری حەڵاڵ بکات بۆ دەستکەوتنی ماڵ و سامان، پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) دەفەرموێت:

(لە ئاسودەیی یەکانی ئادەمیزاد هاوسەری چاک و خانوی باش و وڵاخی باشە) ( [٥] ) مەبەست تەنها وڵاخ نیە بەڵکو هەر شتێ بۆ گواستنەوە بەکاربهێنرێ چونکە لە دەقی عەرەبی یەکەدا بە (مرکب) هاتووە.

## چەسپاوی و دامەزراوی باوەڕدار

باوەڕدار ئارام و خۆگری زیاترە لە بێ باوەڕ، دەرونی ڕازی یە بەوەی کە دوچاری دەبێت لەبەرئەوە خۆئەگەر دەبێت تا ڕزگاری دەبێ، چونکە دڵنیایە کە تەمەنی دنیا کورتە لە چاو تەمەنی دواڕۆژدا..، دڵنیایە کە پێغەمبەران (علیهم السلام) لە هەموو کەسێک زیاتر دوچاری تەنگانەو ناڕەحەتی بوون، جا لەبەرئەوەی بڕوادار خۆی لە پێغەمبەران (علیهم السلام) بە زیاتر نازانێت ئامادەیە بۆ خۆگری لە بەرانبەر ئەو ناڕەحەتیانەی دێتە ڕێی.

(إبن القیم) (خوای لێ ڕازی بێت) سەبارەت بە گەیاندنی پەیام بۆ گرۆی ئادەمیزاد لە لایەن پێغەمبەرانەوە دەفەرموێت:

[ئەم ڕێگەیە ئادەمی تیا ماندوو بوو، نوح تیایدا هاتە گریان و هاوار، ابراهیم لە پێناوی‌دا خرایە ئاگرەوە، اسماعیل بەو تاقی کردنەوە گەورەیە تاقی کرایەوە، زکریا بە مشاردا هێنرا، یەحیا سەربڕا... هتد.]

خاوەن بڕوا کاتێ دوچاری ناڕەحەتیەک دەبێت، سوپاسی خوا دەکات کە بە کۆسپێکی گەورەتر تاقی نەکردوەتەوە، چونکە هەر ناڕەحەتی یەک بە سەر مرۆڤ بێت لەوە گەورەتریش لە لای خوا هەیە، کاتێ باوەڕدار تەماشای ئەو بەڵایە دەکات کە تووشی بووە، ئەوەشیان دەخاتە بەرچاوی خۆی کە توشی نەبوە، هەروەکو چۆن تەماشای ئەو نیعمەتە دەکات کە لە دەستی دەرچوە، ئاوەهایش تەماشای ئەوانە دەکات کە لە دەستی دایە و دوور نیە لە ئاییندەدا لە دەستی بچێت.

---

٥ - رواه احمد باسناد صحیح من حدیث سعد بن ابي وقاص

با نمونەیەکی پێشینەکانمان بهێنینەوە لە سەر خۆگری (عروەی کوڕی زوبێر) خوای لێ ڕازی بێت یەکێکە لە زانا شوێن کەوتوەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه و سلم) ئەم زانایە قاچی تووشی نەخۆشی خۆرە (الآکلة) هات، حەکیمەکان بڕیاریان دا قاچی ببڕنەوە، پێیان گوت: شتێ بخۆ کە بێ هۆش بیت تا ئازارت نەگات، گوتی: بڕوا ناکەم کەسێ بڕوای بەهێز بێ خۆی بێ هۆش بکات لە یادی خوادا. وەرن قاچم ببڕنەوە..!

بەبێ بەنج قاچیان بڕیەوە، بەبێ ئەوەی کەس لە ئامادەبووان گوێی لە ئاخ و ئۆفێ بێ، یان هاوارو ناڕەزایی دەربڕێت..!

خوای گەورە ویستی زیاتر تاقی بکاتەوە، بۆیە هەر ئەو شەوەی کە قاچیان بڕیبووەوە کوڕێکی لە سەربان کەوتە خوارەوەو مرد...!!

خەڵکی چوونە خزمەتی بۆ پرسەو سەرەخۆشی لێ کردنی، ئەویش فەرمووی:

-سوپاس بۆ خوای گەورە کە حەوت کوڕت پێ بەخشیم و یەکیانت بردەوەو شەشت بۆ هێشتمەوە، چوار پەلت پێ داوم یەکیانت بردەوەو سێ دانەم هێشتا بۆ ماوەتەوە...!

# ڕوونی مەبەست و ڕێگە لە لای باوەڕدارانە

بێ بروا هەروەک باوەڕی نیە، ئامانج و مەبەستیشی نیە، هەرجارەی بە لایەکدا دەڕوات و ڕوو لە شتێک دەکات، نازانێ کێ لە خۆی ڕازی بکات؟!

هەندێ جار بە گوێرەی ئارەزووەکانی خۆی ئەجوڵێتەوە، هەندێ جار دەیەوێت ئەو کۆمەڵە خەڵکە ڕازی بکات کە لە ناویاندا دەژی و پەیوەندی پێیانەوە هەیە،...!!

بێگومان کەسیش ناتوانێ وا لە خۆی بکات هەموو کەسێک لێی ڕازی بێت، چونکە ئەگەر چاک لە خۆی ڕازی بکات... خراپ لێی ناڕازییەو بە پێچوانەیشەوە.

بەڵام مرۆڤی باوەڕدار یەک ئامانجی سەرەکی هەیە کە ئەویش (ڕەزامەندی پەروەردگار)ە لە هەموو کات و شوێنێکدا. ئیتر خەڵکی لێی ڕازی بن یان ناڕازی گرنگ نیە...!!

باوەڕدار یەک خەمی هەیە ئەویش ڕۆیشتنە بە ڕێگەیەکدا کە بیگەیەنێت بە ڕەزامەندی پەروەردگار.

# له كۆتاییدا

له خوای گەورە دەپاڕێینەوە كە ئێمەش لەو كەسان بین كە پەروەردگارمان لێمان ڕازییە كارمان پڕ خێرو بەرەكەتە... هەوڵ و تێكۆشانمان وەرگیراوە دڵ ئارام و ئاسودەی دنیاو بەختەوەری هەتا سەری قیامەتین.
خوای گەورە خێرو خۆشی بێنێتە ڕێگەتان و باوەڕو ئیمانەكەمان دامەزراوتر بكات.
كوردستانمان ئاوەدان تر بكاتەوە.. گەلەكەمان هۆشیارتر بكاتەوە.
چاوەڕوانی دوعای خێرتانین.
سبحان ربك رب العزة عما يصفون و سلام على المرسلين
و الحمد لله رب العالمين.

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| شوێنەوارو بەرهەمەکانی باوەڕ ........................ | ٥ |
| پەیوەندی ڕەوشت بەبیروباوەڕەوە ........................ | ٦ |
| لەبەرهەمەکانی ئیمان ........................ | ٦ |
| عەرەبەکان پێش ئیسلام و دوای ئیسلام بونیان........................ | ١١ |
| خۆشەویستی و گوێڕایەڵی موسڵمانان بۆ پێغەمبەر ﷺ ........................ | ١٨ |
| ئیماندار سەروماڵی بەخوا دەفرۆشێت ........................ | ٢٤ |
| بەرهەمی ئیمان لە دەرونی ئافرەتان دا ........................ | ٢٤ |
| سەرچاوەکانی هێز بۆ باوەڕدارەکان ........................ | ٣٠ |
| مەبەسیت لە ئیمان ........................ | ٣٣ |
| باوەڕ بەخواو ڕۆژی دوایی ........................ | ٣٤ |
| کاریگەرو شوێنەواری باوەڕ لەکاتی فەرمان ڕەواییدا........................ | ٣٥ |
| بڕواو چارەسەرکردنی دەردەکانی کۆمەڵ ........................ | ٣٨ |
| باوەڕ سەرچاوەی بەختەوەرییە ........................ | ٤٠ |
| چەسپاوی و دامەزراوی باوەڕدار ........................ | ٤٢ |
| ڕوونی مەبەست و ڕێگە لەلای باوەڕدارانە ........................ | ٤٥ |

# كورتەیەک لەژیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید نجم الدين طه

* لە رۆژی ٢٨/٤/١٩٣٠ز بەرامبەر بە ٢٢ی شوالی ١٤٢٨ک لە بنەماڵەیەکی ئاین پەروەرو ناودار لەدایک بووە.

* لە تەمەنی (٥) ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا قورئانی پیرۆزی لای جەنابی مامۆستا (شێخ طه)ی باوکی خوێندوە، ئینجا بە مەبەستی خوێندن زۆرێک لە شارو گوندەکانی کوردستانی عێراق و ئێران گەڕاوە، لەوانە (دێی مێرزا رۆستەم، هویە، پایگەلان، کانی سانان، چۆڕ، کانی میران، زەرگەتە، ئەویهەنگ، نێزک، مەریوان، سنە،... لە کوردستانی ئێران.. وە بیارە، عەنەب، زەلم، قەڵادزێ، خورماڵ، هەڵەبجە، سلێمانی، خانەقین، کەرکوک، ... )

* لە خزمەتی زۆرێک لە مامۆستا ناودارەکاندا خوێندویەتی لەوانە: (مامۆستا مەلا عبدالرحمنی چۆڕی، مامۆستا مەلا حەیدەری ئەویهەنگ، مامۆستا سید عینایەتی هویەیی، مامۆستا مەلا مستەفای زەلمی، مامۆستا سید عارفی خورماڵ، مامۆستا مەلا ئەسعەدی پایگەلان، مامۆستا مەلا ئەحمەدی نەفتچی لە کەرکوک، مامۆستا سەید حەکیمی خانەقین و، زۆرێکی تر...)، وە لە خزمەتی مامۆستا مەلا (محمد)ی گەورە ئیجازەی عیلمی وەرگرتوە.

* هەر لە رۆژگاری فەقێتیدا ئاشنایەتی پەیدا کردووە لەگەڵ بیری ئیسلامخوازی و رابوونی ئیسلامیداو، لەگەڵ زۆرێک لە رۆشنبیرانی ئیسلامیی ئەو سەردەمەدا هاوڕێیەتی هەبووە لەوانە: مامۆستا ئەحمەدی مفتی زادە، مامۆستا شێخ عەزیز پارەزانی،...

* دوای تەواو کردنی خوێندن، لە خزمەتی مامۆستا مەلا محمدی مامۆستا مەلا بەهادا دەچنە خزمەتی (شێخ عوسمان)، بۆ ئەوەی دیبەک بۆ مامۆستا پەیدا بکەن تا ببێتە ئیمام ، ئینجا لە ساڵی ١٩٥٥ دەبێتە ئیمام و مودەریس لە دێی تەپی سەفای حاجی حەیدەر تا ١٩٦٠، وە لە ١٩٦٠ تا ١٩٧٨ یش لە دێی تەپی سەفای حاجی مستەفا دەمێنێتەوە.

* لەو ماوەیەدا مەدرەسەکەی هەمیشە بە شەیدایانی زانست ئاوەدان بووەو، نزیکەی (١٠٠) قوتابی پێ گەیاندووە.

* لە شەستەکاندا لەگەڵ (١٢) مەلای تر، سەفەری حەج دەکات و، لە ڕێگەی ئەردەنەوە دەچنە زیارەتی (بيت المقدس).

* لە ١٩٧٨دا لەسەر داوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ مزگەوتی ئوسامە لە هەڵەبجەی شەهیدو، لەو مزگەوتەدا سەدان لاوی ناوچەکە لە مامۆستا بەهەرەمەند بوون و، وتارە بە هێزەکانی رۆژانی هەینی مامۆستا لەو مزگەوتەدا تەوژمێکی بەرچاوی دەدایە رابوونی ئیسلامیی.

* ساڵی ١٩٨٦ خانە نشین کراوە، بەڵام لەسەر داوای خۆی و سووربوونی لەسەر کاری بانگەواز دانراوەتەوە.

* لەکارەساتی کیمیابارانەکەی ١٦/٣/٨٨ دا وەک هەزاران کەسی دی ئاوارەی ئێران بووە..
* پاش گیرسانەوە لە ئێراندا ، لە مزگەوتی (ئاغا حبیب اللە)ی شاری سنە بۆتە ئیمام و مدرس و، لە هەموو لایەکی کوردستانی ئێرانەوە شەیدایانی خوێندن لێی خڕ دەبنەوەو، هەر لەوێ (٢٥) قوتابی لەسەر دەستیدا ئیجازە وەردەگرن.
* لە ٢٥/٥/١٩٩٢دا هاتۆتەوە بۆ عێراق و لە مزگەوتی ئوسامەدا دەستی بەتەدریس کردۆتەوەو (٥٤) مامۆستای تر لە خزمەتیدا ئیجازەیان وەرگرتووە.
* لە ١٩٩٥دا خوێندنگەی ئوسامە دەبێتە خوێندنگەیەکی نمونەییو مامۆستا بووەتە بەڕێوەبەری خوێندنگاکە.
* مامۆستا لە لەبەرکردنا توانایەکی سەیری هەبووە.. ئەمانەی لەبەر بووە: زیاتر لە ١٦ جزئی قورئانی پیرۆز، نزیکەی ٢٠٠٠ فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، سەدان شیعری بەپێزی عەرەبیو کوردی و، فارسی، هەروەها ئەم دەقە زانستیانەشی لەبەر بووە:
کافیة تاسەر (اضافة)، سیوطي تاسەر (اضافة)، (فریدة) و هەندێک لە (شافیة)، (عبداللە یزدي)و (تهذیب المنطق)و (گلنبوی اداب) و (مەتنی عەقائدی نەسەفی)و (تلخیص)و (مەتنی جمع الجوامع)- جەڵدی(١)،...
* خوالێخۆشبوو هەموو تەمەنی لە خزمەتی بانگەوازی خواوو کاری چاک سازیدا بەسەر بردووەو، موصڵحێکی کۆمەڵایەتی گەورە بوو، وە لەو بوارانەدا چالاکانە بەردەوام بوو تا لە شەوی ١٧/١٨ ی ئازاری ١٩٩٧ بە نەخۆشییەکی کتوپڕ لە سلێمانی وەفاتی کردو، لە مەراسیمێکی شکۆدارو کەم نموونەدا تەرمەکەی لە گۆڕستانی گوڵان لە هەڵەبجەی شەهید ئەسپەردەی خاک کرا. خوالێخۆشبێت و بە بەهەشتی بەرین شادی بکات.



# من ثمرات الإيمان

## تأليف: الشيخ نجم الدين طه

- رحمة الله عليه -

الطبعة الاولى

١٤١٨ هـ ١٩٩٧م

له بلاوكراوەكانى كتێبخانەى ڕۆشنبیر
سلێمانى - بازاڕى ڕاپەڕین

له چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە چاپ كراوە